# پابەندبوون بە خستنەڕووی ئافرەت وئاریشەکانی لە ڕۆمانی(شار) ی "حوسێن عارف" دا

**سەرکەوت سەعدی قادر و نەوزاد وقاص سعید**

زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی پەروەردە، بەشی کوردی

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە کە لە ژێر ناونیشانی (پابەندبوون بە خستنەڕووی ئافرەت و ئاریشەکانی لە ڕۆمانی (شار) ی "حوسێن عارف")دایە، هەوڵیداوە لە چوارچێوە گشتییەکەدا وێنای بارودۆخ و ژیان و گوزەرانی ئافرەتی کورد بکات لە شاری سلێمانی، بێگومان لە ڕۆمانی ناوبراو دا. ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکدێت، بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ پەیوەندی نێوان (ئەدەب و پابەندبوون)، ئەم بەشەش چەند تەوەرێك لە خۆ دەگرێت، لە تەوەری یەکەمدا باسی زاراوە و چەمکی پابەندبوون کراوە، لە تەوەری دووەمیشدا باسی ڕۆمان و پابەندبوون بە بیری مارکسیزم کراوە، کە تیایدا ڕونکردنەوەی پێویست لە بارەی ئایدۆلۆژیا و فەلسەفەی مارکسیزم خراوەتەڕوو. هەرچی بەشی دووەمە تەرخانکراوە بۆ وێناکردنی ئافرەت و ئاریشەکانی لە ڕۆمانی شاری (حوسێن عارف) دا، ئەم بەشەش شەش تەوەر لە خۆ دەگرێت، لە تەوەری یەکەمدا باس لە بە کۆیلەکردنی ئافرەتان کراوە، لە کاتێکدا لە تەوەری دووەمدا باسی بە زۆر بە شودانی کچان کراوە، هەرچی تەوەری سێیەمیشە تەرخانکراوە بۆ ڕونکردنەوەی دیاردەی ڕەدوکەوتن. تەوەری دواتریش خۆی لە باسکردنی دیاردەی تەلاقدان دەبینێتەوە. تەوەری پێنجەمیش تەرخانکراوە بۆ توندوتیژی و جۆرەکانی، کە سێکسی و  جەستەیین. لە کۆتا تەوەریشدا ئاماژە بە بێبەشکردنی ئافرەتان کراوە لە مافەکانیاندا.

**کلیلە وشەکان:** پابەندبوون، ئایدۆلۆژیا، ڕۆمان، مارکسیزم، ئافرەت

## 1. پیشەکی

بێ ڕۆڵ سەیرکردنی ئافرەتان و بە پاسیف وێناکردنیان، یان ستەملێکردن و چەوساندنەوەیان لە هەموو کۆمەڵگایەکی نێرسالاری حاڵەتێکی زۆر ئاساییە، بۆ باشترکردنی دۆخێکی لەم شێوەیەش هۆشیاری لە زۆر بواردا گەرەکە، لەوانە بوارەکانی(ئایینی، کۆمەڵایەتی، یاسایی، جێندەری...هتد)، بێگومان هەموو ئەو بوارانەش پێویستیان بە کەناڵ و سەکۆی جۆراوجۆر هەیە بۆ گەیاندنی جیهانبینی خۆیان و خستنەڕووی ئەلتەرناتیڤەکانیان، یەکێك لەو کەناڵانەش هونەرە بە گشتی و ئەدەبە بە تایبەتی. چونکە لە دیالێکتیکی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگادا، هەروەك چۆن کۆمەڵگا ئەدەب دەگۆڕێ بە فۆڕم و ناوەڕۆکەوە، بە هەمان شێوە ئەدەبیش دەتوانێت کاریگەری بەسەر واقیعی کۆمەڵگادا جێبێڵێت، بەتایبەتی لەوکاتەی کە نوسەرەکە هەست بە بەرپرسیارەتی دەکات و ئەدەبەکەی جۆرێك لە پەیامداری پێوەدیارە.

پابەندبوون سەرەڕای مێژووە دوور و درێژەکەی لە ناو ئەدەبدا، بەڵام دوای هاتنەپێشەوەی هەندێ بیری تازە لە ئەوروپا بەتایبەتی (مارکسیزم و بوونگەراییەکان)، ئەوا ئەویش وەك چەمکێك خۆی تازەکردەوە. لەلایەکی ترەوە پابەندبوون یەکێك لەو چەمکانەیە کە تیۆری ڕەنگدانەوە جەختی لەسەر دەکاتەوە، وەك ئاشکرایە باکگراوندی تیۆری ڕەنگدانەوەش فەلسەفەی مارکسیزمە.

ڕۆمان بە حوکمی ئەوەی ژانرێکە زیاتر وەك لە ژانرەکانی تر سەروکاری لەگەڵ واقیعدا هەیە، بۆیە کەرەستە ماددی و مەعنەوییەکانی واقیع هەمیشە لە ڕۆماندا ڕەنگدەدەنەوە. ڕۆمانی شاریش وەکو نموونەیەکی دیاری ڕۆمانی هەشتاکان لە ئەدەبیاتی کوردیدا، زۆر

مجلة جامعة جيهان- اربيل للعلوم الانسانية والاجتماعية
المجلد 7، العدد 2 (2023) .
أُستلم البحث في 21 تشرين الثاني 2022؛ قُبل في 14 كانون الثاني 2023
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 15 اب 2023
البريد الإلكتروني للمؤلف :sarkawt.qadir@su.edu.krd
حقوق الطبع والنشر © 2023 أسماء المؤلفين. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 40.

10.24086/cuejhss.v7n2y2023.pp60-72

به ڕوونی هاوکێشه ئاڵۆزەکەی شاری سلێمانی کردۆته چنینی ڕوداوەکانی خۆی، یەکێك له دیارترین توێژەکانی ناو ئەم ڕۆمانەش ئافرەتانن، که زۆربەی کات وەکو مرۆڤی ستەملێکراو و چەپێنراو و دەستبەسەرداگیراو وێناکراون، ڕۆمانوس وەکو تاکێکی نێر له سۆنگەی هەست به بەرپرسیاریەتیکردن و پابەندبوونەوە زۆربەی چەرمەسەرییەکانی ئافرەتانی خستۆتەڕوو.

ناونیشانی توێژینەوەکە: بریتییه له (پابەندبوون به خستنەڕووی ئافرەت و ئاریشەکانی له ڕۆمانی (شار) ی "حوسێن عارف")، که له چوارچێوه گشتییەکەدا بارودۆخ و ژیان و گوزەرانی ئافرەتی کورد له شاری سلێمانی خراوەتەڕوو، له ڕۆمانی ناوبراو دا.

سنوری توێژینەوەکە: سنوری ئەم توێژینەوەیە، تەنیا بریتییه له خستنەڕووی دۆخی ژیان و گوزەرانی توێژی ئافرەتی کورد له شاری سلێمانی، ئەویش تەنیا له ڕۆمانی (شار)ی "حوسێن عارف" دا.

گرفتی توێژینەوەکە: له ناو توێژینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، سەرچاوەی پێویست لەبارەی چەمکی پابەندبوون کەم لەبەردەستدایه، لەلایەکی ترەوە وەرگێڕانی چەمکه زانستییەکان گرفتێکی تری ئەم توێژینەوەیه بوو.

میتۆدی توێژینەوەکە: لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بەپێی میکانیزمی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی کار لەسەر ڕۆمانی شار بکرێت، ئەمەش له ئەنجامی ئەو گونجانەی، که له نێوان خودی میتۆدەکە و ئەو چەمکە کۆمەڵایەتییانە هەیە، که لەم توێژینەوەیەدا کاریان لەسەرکراوە، لەوانە (پابەندبوون، ئایدۆلۆژیا، ڕۆمان، مارکسیزم، ئافرەت).

پێکهاتەی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیه له دوو بەش پێکدێت، بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ پەیوەندی نێوان (ئەدەب و پابەندبوون)، ئەم بەشەش چەند تەوەرێك لەخۆ دەگرێت، له تەوەری یەکەمدا باسی زاراوە و چەمکی پابەندبوون کراوە، له تەوەری دووەمیشدا باسی ڕۆمان و پابەندبوون به بیری مارکسیزم کراوە، که تیایدا ڕونکردنەوەی پێویست له بارەی ئایدۆلۆژیا و فەلسەفەی مارکسیزم خراوەتەڕوو. هەرچی بەشی دووەمه تەرخانکراوە بۆ وێناکردنی ئافرەت و ئاریشەکانی له ڕۆمانی شاری (حوسێن عارف)دا، ئەم بەشەش شەش تەوەر له خۆ دەگرێت، له تەوەری یەکەمدا باس له بە کۆیلەکردنی ئافرەتان کراوە، له کاتێکدا له تەوەری دووەمدا باسی به زۆر به شودانی کچان کراوە، هەرچی تەوەری سێیەمیشە تەرخانکراوە بۆ ڕونکردنەوەی دیاردەی ڕەدوکەوتن. تەوەری دواتریش خۆی له باسکردنی دیاردەی تەڵاقدان دەبینێتەوە. تەوەری پێنجەمیش تەرخانکراوە بۆ توندوتیژی و جۆرەکانی، که سێکسی و جەستەیین. له کۆتا تەوەریشدا ئاماژە به بێبەشکردنی ئافرەتان کراوە له مافەکانیاندا .

له کۆتایشدا توێژینەوەکە به چەند ئەنجامێك گەیشتووە، دواتر گرنگترین ئەو سەرچاوانەش خراونەتەڕوو، که توێژینەوەکە پشتی پێبەستوون و بۆیان گەڕاوەتەوە.

## 2. ئەدەب و پابەندبوون

### 2.1 پابەندبوون: زاراوە و چەمك

ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین له زمانی کوردیدا هەموو ئەو زاراوانەی لەو بوارەدا دەخولێنەوە، ئەمانەی خوارەوەن: البصیر(1983، ل11) و بەکر(2020، چاوپێکەوتن) زاراوەی (پەیامداری) یان بەکارهێناوە. کەچی سابیر(2006، ل489) و بۆتانی(2008، ل5) بەکاریگەری زمانی عەرەبی و ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبی ڕاستەوخۆ خودی زاراوە عەرەبییەکە، کە(ئیلتیزام)ە بەکاردێنن. لەلایەکی ترەوە لەلایەن کۆڕی زانیاری کوردەوە (2006، ل15) زاراوەی (بەرپرسیاریەتی) بەکارهێنراوە، هەر له زمانی کوردیدا لەلایەن حەبیب (2002، ل24) زاراوەی (دەربەستی) و لەلایەن ئیگڵتۆن(2008، ل67) زاراوەی (دەروەستی) بەرامبەر به ئیلتیزامی عەرەبی بەکارهاتوون، بەڵام له ئێستادا زیاتر زاراوەی (پابەندبوون) له بواری ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا بەکاردەهێنرێ، بۆ نموونه له لای قەرەداغی(2006، ل19) و حەوێز(2014، ل3)، تەنانەت "ئاری عوسمان خەیات"یش له وەرگێڕانی کتێبێکی "رمضان الصباغ" (2008، ل6) هەمان زاراوە که (پابەندبوون)ە بەکارهێناوە، هەر له زمانی کوردیدا زۆرجار له سیاق و بیاڤە کۆمەڵایەتییەکاندا، زاراوەی تریش بۆ هەمان واتا بەکارهاتوون، لەوانە (ئامانجداری) و (مەبەستداری) و (هەڵوێستداری).

سەبارەت به چەمکی پابەندبوون له ئەدەبدا لەلایەن ڕەخنەگرانی ئەدەبەوە زۆری لەبارەیەوە گوتراوە، ((هەندێك له ڕەخنەگران وایدەبینن که هونەری پابەندبوو دیاردەیەکی تازە نییه، کۆنه به کۆنی سەردەمەکانەوە، زۆرجار مێژوو ئەوەمان پیشان دەدات که هونەر له خزمەتی بیروباوەڕ، یان ڕەوشت، یانیش له خزمەتی ڕێبازێکی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی بووە، بەم پێیە بەرهەمە هونەرییەکان وێنایەکی ڕاست و دەستپاك نین، بەقەد ئەوەی ئامرازێکبن بۆ کار))(ریشار، 1989، ص67) دەکرێ ئەمە ئەو بەرهەمە هونەری و ئەدەبییانە بگرێتەوە که گیرۆدەی جۆرێك لەناچارین، چونکه ئاشکرایه له چەمکدا جیاوازی له نێوان پابەندی و ناچاریدا هەیە. ڕەخنەگران لەبارەی پابەندبوونەوە دابەشی سەر دوو بەرەبوون، چ ئەوانەی ئەو چەمکە به دروست دەزانن، چ ئەوانەشی که ئەدەب وابەستەی هیچ کۆت و بەندێك ناکەن و ڕەتیدەکەنەوە. ئەو ڕەخنەگرانەی که داوا دەکەن ئەدەب خودان جۆرێك له هەڵوێست بێت، وای دەبینن که نوسەر بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بۆیە له هەر شوێنێکی ئەو کۆمەڵگایە بابەتێك هەبێت، که شیاوی قسەلەسەرکردن بێت تێیدا، ئەوا دەبێ ڕاستەوخۆ قسەی خۆی هەبێت و پەنجە لەسەر کیشە و ئاریشەکان دابنێت، چونکە((نوسەر خاوەنی پەیامێکی کۆمەڵایەتییە، ئەو پەیامەی که باوەڕی پێیەتی له هۆشیاری خۆی و هەستکردن به بەرپرسیاریەتییەوە هاتووە، بەرپرسیاریەتی بەرامبەر به ویژدان و بیروباوەڕ و ئەو کۆمەڵگایەی که هی ئەوە، تەنانەت بەرامبەر بەهەموو مرۆڤایەتیش، جا بەهۆی کارەکەی و ئەو ئەرکەی لەسەرشانیەتی، ناتوانێت ئەوشتانە فەرامۆش بکات که له دەوروبەریدا دەگوزەرێن))(عزاوي، 2014، ص9). ڕاستە هەر له سەرەتاوە که ئەدەب هات، تاوەکو ئەمرۆش بۆ ئەوەبوو که پەیامێك بگەینێت، واتە ئەدەبیش خاوەنی جۆرێك له وەزیفەبووە، بەڵام دەرکەوتنی زاراوەی پابەندبوون، وەکو زاراوەیەکی ڕەخنەیی له ئەدەبدا، که کار لەسەر پەیوەندی نێوان (ئەدەب) و (کۆمەڵگا) دەکات((بە کاریگەری ئایدۆلۆژیای سەردەمی مۆدێرن بوو لەسەر ئەدەبدا، که داوای جۆرێك له ڕەنگدانەوەی بۆچوونەکانی خاوەنی دەق بەسەر دەقەکەوە دەکرد، له هەر گۆڕانکارییەکی کۆمەلایەتی و سیاسی سەردەمدا)).(البابلي، 2004، ص11) بەتایبەتی بەکاریگەری هەردوو ئایدۆلۆژیای مارکسیزم(سۆشیالیزمی زانستی) و بوونگەراییەکان.

نوسەری پابەندبوو هەمیشە ئەدەبەکەی له دەوری جۆرێك له سود و قازانجدا دەسوڕێنێتەوە، بێگومان مەبەستمان له سود، سودی گشتییە، نەك تایبەتی، لەم پێودانگەوە دەکرێ بڵێین که مەبەست و ئامانجی ئەدەبیش جۆراوجۆرە (به فرەجۆری ئەو سودانە، سودەکانیش جۆراوجۆرن بەگوێرەی جۆری نەتەوە و کۆمەڵگا مرۆییەکان،

یان چینێك لە چینەکان، بێگومان ئەگەر کۆمەڵگاکە چینایەتی بێت).(طبانە، 1984، ص19) ئاشکرایە کە بە درێژایی مێژوو ئەدەب هەرجارەی لە خزمەت چینێکی کۆمەڵگادا بووە، بەلام لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر گۆرانکاری بەسەرداهاتووە، ((هەر کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگایەکان ڕێگا بەخۆی دەدات، بەهۆکاری ئابوری و کۆمەڵایەتی چینێك لە چینەکانی دەستڕۆیشتوو بکات، لەوانە دەرەبەگایەتی، بۆرژوازی، پرۆلیتاری، ئاشکرایە کە هەریەکێك لەو چینانە بە ڕێژەی ئایدۆلۆژییە تایبەتەکەیان دەناسرێنەوە، کە خۆیان لە کۆمەڵێك هۆکاری پەیوەستدار بە بابەتە سیاسی و ڕۆشنبیری و هونەرییەکان دەبیننەوە، کە هەریەکێك لەو چینانە پشتی پێدەبەستێ لە بنیاتنانی بنەماکانی.))(الهدی، 2015، ص265)جا هەندێ کات ئەدەب وەکو داردەستێك بەدەست چینی ئۆروستوکراتی بووە، ئەو ئەدەبە جگە لەو چینە نەیدەتوانی گوزارشت لە هیچ چینێکی تر بکات، کە ئەمە بۆ ماوەیەکی زۆر و تا کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستیش هەر بەو شێوەیە مایەوە، کەچی سەیردەکەی دوای هاتنەپێشەوەی چینی بۆرژوا و شۆرشەکانیان ئەدەبیش وێنەکانی لە جیهانی ئەو چینەوە دەخواست، ئەمە بەردەوام بوو تا هاتنەپێشەوەی هەندێ بیری تازە لە سەردەمی مۆدێرنیزمدا، بەتایبەتی دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917ی روسی، کە((لە ئەدەبیاتی ڕوسی بە (شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزن) و لەلای هەندێکیش بە کودەتای ئۆکتۆبەر ناوبانگی دەرکردووە)).(سەپان، 2017، ئینتەرنێت) ئەم شۆڕشە خوازیاربوو کە ئەدەب لە خزمەتی چینی پرۆلیتاریا و زەحمەتکێشاندا بێت، هیوا و ئاوات و ئازارەکانیان، تەنانەت نەخشەڕێگای ژیانێکی شایستەیان بۆ بخاتەروو. کەواتە ئەدەبیش کاتێك دەبێتە چەکێکی سودبەخش، سودەکەی بەپێی سەردەم و هاتنەپێشەوەی بیری جیاجیا گۆرانکاری بەسەردابێت.

قسە لەسەرکردنی ئەدەب بەپێی بنەماکانی پابەندبوون، ئەدەب دابەش دەکات بەسەر دوو جۆر، کە ئەمانەن:

1. ئەدەبی پابەند: بەشێك لە ڕەخنەگران وای دەبینن کە دەبێت نوسەر هەڵگری جۆرێك لە پەیام بێت، ئەو گروپە لە ڕەخنەگران پێیان وایە کە (نوسەر لە دەقەکەیدا پابەندی بنەمای تایبەت و بیری دیاریکراو دەبێت و گوزارشتیان لێوە دەکات، هەروەها نزیك دەبێتەوە لە جەماوەرەکەی و ئەدەبێکی خۆشەویست دەبێ لە دڵی جەماوەرەکەی).(طبانە، ص15) واتە ئەدەبێك دەبێ لەنێو خەڵکیدا دەژی و ئازار و مەینەتییەکانیان دەخاتەڕوو، تەنانەت ئەدەبێك دەبێ کە خەڵك رووەو خۆشبەختی و خۆشگوزەرانی ئاراستە دەکات. چونکە ئاشکرایە کە هەمیشە نوسەر خاوەنی پەیامێکە، لەو پەیامەشدا بنەماکانی ریفۆرم و باشترکردنی دۆخی تاك خۆیان دەبیننەوە. ڕەخنەگران پێگەی ئەدەب لە ئاراستەکردن و گۆرانکاری کردن لە کۆمەڵگا بەرز دەنرخێنن، بۆیە وایدەبێنن کە دەبێ نوسەریش لە ئاست ئەو متمانەیەدا بێت، نەك ئەدەبێك بەرهەم بهێنێت، کە تەنیا گەمەیەکی زمانەوانی و جەستەیەکی جوانناسی بێ و بەس، لەلایەکی تریشەوە ئەدەبێك نەبێت، کە تەنیا لە دەوری خودی تاکی نوسەر و خەیاڵکردن و ڕاکردن لە واقیع بسورێتەوە.

2. ئەدەبی ناپەبەند: لە بەرامبەردا بەشێکی تر لە رەخنەگران ڕوانینێکی تریان بۆ ئەدەب هەیە و پێیانوایە، کە مەبەست و ئەرکی ئەدەب لەوەدا کورت ناکرێتەوە، کە هەڵگری بیرێکی تایبەت و مەبەسیکی دیاریکراو بێت، ئەوان ئەدەب سەربەست دەکەن، تەنانەت هەموو سنوردانان و چوارچێوەگرتنێك بۆ ئەدەب ڕەتدەکەنەوە، لای ئەوان ئەدەب بریتییە لە دەقێك، کە کۆت نەکراوە بە هیچ ئامانجێك، بەڵکو گوزارشت لە خودی خۆی و ئەزموونەکەی و سۆز و هەڵچونەکەی دەکات، ئەدەبێکە ئازادە لە هەموو ئەو کۆتانەی، کە لەبەردەم ئازادی ڕادەربڕینیدا دەوەستنەوە. (طبانە، ص15). ئەم بۆچوونە جەخت لەسەر دەرخستنی ناخی تاکی نوسەر دەکاتەوە، واتە نوسەر پابەند ناکات بە تەنیا خولانەوە لە دەوری تێکڕای بابەتەکانی کەمەڵگا، ئەمەش زیاتر ڕۆمانسییەکان و ڕابەرانی تیۆری گوزارشتکردن پشتگیری لێدەکەن و بە پەسندی دەزانن.

## 2.2 ڕۆمان و پابەندبوون بە بیری مارکسیزم

لە ڕووی مێژووییەوە دەتوانین لە فەلسەفەی یۆنانی کۆندا سەرەداوی پابەندبوون لە لای سوکرات بدۆزینەوە، ئەگەرچی زانیاری زۆر لەبارەی چۆنیەتی بیرکردنەوە و ڕوانینەکانی لەبەردەستدا نین، تەنیا ئەوەندە نەبێت کە لەلایەن ئەو کەسانەی کە کاریگەر و سەرسامن پێی، چ ئەوانەشی کە ڕەخنەی لێدەگرن و بە ئاژاوەگێڕ و تێکدەری بیری تاکی کۆمەڵگای یۆنانی دەزانن. ئەوانەی کە پێی کاریگەربوون ئەفلاتون و زینۆفۆن،(ئەفلاتون لە گفتوگۆی ئەیۆندا)(گەردی، 2017، ل44) و (زینۆفۆن لە ئابوریگەر و خواندا)(کریستۆن،2005، ل13-15) زانیاریان لە بارەی سوکراتەوە خستۆتەڕوو، ئەگینا خۆی هیچ بەرهەمێکی جینەماوە، کە ببێتە بەڵگەنامەیەکی متمانەپێکراو لەبارەی ژیانی و خێزانەکەی، هەروەها لەبارەی ڕوانین و ئایدیاکانی. سوکرات تا مردیش سازشی لەسەر ئەو بۆچوونانەی نەکرد کە پێی تاوانبارکرابوو، واتە پابەندبوو بە ئایدیاکانی، بەڵام ئایدیاکانی لەلایەن دیموکراتیخوازەکانەوە ڕەتکرایەوە، سەرەنجام ((لەساڵی 399 پ.ز سوقرات بەتاوانی کفرکردن و گەندەڵ کردنی گەنجەکان دەسگیرکرا، ڕوخساری سەرەکی پشت ئەم تاوانە کەسایەتی دیموکراتخوازی بەناوبانگ، ئەنتیتیۆس بوو، کە دوژمنایەتیەکی دوور و درێژی بەرامبەر بە سوقرات هەبوو))(گەردی، ل41).

هەرچی سەبارەت بە ئەفلاتونە لە کۆمارەکەیدا بە ئاشکرا زۆرێك لە شاعیران وەدەردەنێ و دوریان دەخاتەوە، پاساوی ئەم کارەشی ئەوەیە، کە ئەوان هەم لاساییکەرەوەن، هەمیش سۆزە تاکەکەسییەکان دەجۆڵێنن، کە ئەمەش هیچی لە سودی گشتی کۆمەڵگای یۆنانیدا نین، ئەو پێی وایە هەر شتێك لە ژیاندا شتێکی تر هەیە خراپی بکات، (هەروەك چۆن کوێربوون چاو تێك دەدات، نەخۆشیش لەش لەناو دەبات، کەڕوو دانەوێڵە دەرزێنێت، ڕزاندن تەختە دەشێوێنێت، ژەنگیش بۆ برۆنز خراپە...هتد ئاواش سۆز بۆ دەروونی تاکی یۆنانی خراپەو زیانبەخشە...بەرهەمەکانی شاعیریش پەیوەندییان بە بەشی نزمی دەروونەوە هەیە. لەبەرئەوە پێویستە لەشارەکەماندا دەریکەین. ئەو لایەنی هۆشەکی خۆی لە دەروونیدا دەکوژێت و لایەنە نزمەکە بەهێز دەکات. هەروەها شاعیر دەستوورێکی خراپ بۆ خەڵکی دادەنێت، چونکە ڕاستی دەرناخات. ئەوەی باسی دەکات سێبەر و وەرگێراوی ڕاستییە)(ئەفلاتوون، ل 333، 334، 338) ئەو لە ڕوانگەی بەرپرسیاریەتییەوە ڕێگا بەخۆی دەدات کە ئەو بڕیارە بدات، ئەو

شوێنی کەسانێك لە کۆمارەکەیدا دەکاتەوە، کە پابەندبن بە بنەماکانی عەقڵەوە، چونکە لەدیدی ئەو کۆمەڵگایەك بە عەقڵ گۆشکرابێت، تاکەکانی لۆژیکییانەتر بیردەکەنەوە و ناکەونە ژێر کاریگەری سۆزە خراپەکانەوە، بەمەش(نادادوەری و بەرەڵایی و ترسنۆکی و نەزانین) (ئەفلاتوون، ل338) بڵاونابێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەفلاتون هەر لە خودی کۆماردا، پێشوازی لە جۆرێك لە شاعیران دەکات و پەسندیان دەکات، ئەوانیش ئەو شاعیرانەن کە ستایشی پاڵەوانەکان و پێشەنگە چاکەکان دەکەن و بە وێنای دروست دەیانخەنەڕوو، چونکە لەدیدی ئەفلاتون شاعیر دەبێ بەها جوانەکانی مرۆڤایەتی وێنا بکات و پەروەردکار و ئارامکەرەوەیەکی ئەرێنی بێت بۆ نەوە یەك لەدواییەکەکانی.

دەکرێ هۆی دژواری و توندی لەمامەڵەکردن لەگەڵ هونەرمەندان و شاعیران لە کۆماردا بۆ ئەوە بگەڕێنینەوە، کە لە بەرهەمی ناوبراودا وەکو فەیلەسوفێك بیردەکاتەوە و هەست دەکات بەرپرسیارییەتی لەسەر شانە بەرامبەر بە کۆمەڵگاکەی، ئەو کۆمەڵگایەی کە ئەوکات لە دۆخێکی جێگیر دا نەبوو. چونکە ئاشکرایە کە کۆمەڵگای ئەسینا لەسەردەمی ئەفلاتوندا توشی داتەپین هاتبوو، بۆیە سەیردەکەین ئەفلاتون هەوڵ دەدات لە کۆمارە ئایدیاییەکەیدا کۆمەڵگایەکی ئارام فەراهەم بکات.(میراودەلی، ل86)

بێگومان دوای ئەفلاتون ئەرستۆش وەکو فەیلەسوفێکی دیار ڕاکانی لەبارەی شیعرەوە خستۆتەڕوو، ئەگەرچی ئەم دووانە لە چوارچێوە گشتییەکەدا لەبارەی پرسگەلانێك هاودیدن، بەڵام لەبەرئەوەی ئەرستۆ لە هونەری شیعردا، کە بەرهەمێکی تایبەتە بە ئەدەب خۆیەوە، وردتر و چڕتر لە ئەدەب دواوە، بەتایبەت لەو بابەتانەی کە دەچنە چوارچێوەی تیۆراندنی ژانرەکانی شیعرەوە، نەك هاوشێوەی مامۆستاکەی لەدوورەوە و وەکو فەیلەسوفێك بەشێوەیەکی ئەبستراکت لەبابەتەکە بڕوانێ، بەتایبەتی لە بابەتی تراژیدیادا، ئەرستۆ پێی وایە کە تراژیدیا ((لاسایی کردنەوەی کردەوەیەکی سەنگین و لەخۆیەوە تەواو پێگەیشتووە کە درێژییەکی دیاری هەیە و بە زمانێکی پاراو نووسراوە کەچەندین بابەتی هونەری تێداهاتووە کە لەگەڵ بەشەکانی شانۆگەریدا دەگونجێن و ئەمەش هەمووی بەشێوەی درامی، نەك بە گێڕانەوە ئەنجام دەدرێ و ڕووداوی وای تێدایە کە (ترس) و (بەزەیی) دەوروژێنێ و بەمەش (پاکبوونەوە) لەم دوو سۆزە دێتەدێ))(ئەرەستۆ، 2011، ل27). ئەوەی کە لێرەدا مەبەستە ئەو ئەرکەیە کە شیعری تراژیدی پێی هەڵدەستێت، کە ئەویش پاکبوونەوەیە (Catharsis) ، بەشێوەیەك شاعیری درامی دەتوانێت، لە ڕێگەی جولە درامییەکانی کارەکتەرەکانەوە، دیمەنی وا پیشانی ئامادەبووان بدات، کە سۆز و بەزەییان بجولێنێ، بەڵام دەبێ شاعیر بزانێت چ بابەتێك دەکاتە ناوەرۆکی بەرهەمەکەی، وەکو ((برایەك برای خۆی بکوژێ، یان کوڕێك باوکی خۆی بکوژێ، یان دایکێك کوڕی خۆی بکوژێ، یان کوڕێك دایکی خۆی بکوژێ، یان هەرجۆرە کارێکی لەم بابەتە))(ئەرەستۆ، ل52) چونکە هەریەکێك لەم بابەتانە لەڕێگەی نمایشە درامییەکانەوە دەتوانێت ئەوپەڕی کاریگەری لەسەر ئامادەبووان دروست بکات، بەمەش وادەکات کە خەڵك لەڕێگەی سۆز و بەزەییەوە دەروونیان لە سۆزە خراپەکان پاك بێتەوە، ئەو ڕوانینەی ئەرستۆ دەتوانرێت وەك یەکەم هەنگاوی پابەندبوونی بەرهەمی ئەدەبی بە ئاراستە سودبەخشییەکەی سەیربکرێت، کەچی ئەفلاتون وادەبینێت ئەو جولانەی کە کارەکتەرەکان لەسەر شانۆ دەیکەن، دەبێتە هۆی ورژاندنی سۆز و بەزەیی ئامادەبووان، ئەمەش وادەکات کە تاکێکی ڕوخاو و وێران بۆ کۆمەڵگای یۆنانی بەرهەم بێنێت جۆری ئەو کاریگەرییەی کە ئەدەب بەرهەمی دێنێت بۆچوونیان جیاوازە .

بەر لەوەی قسە لەسەر پەیوەندی نێوان ڕۆمان و ئایدۆلۆژیا بەتایبەتی ئایدۆلۆژیای مارکسیزم بکرێت، وا پێویست دەکات چەمکەکان بناسێنین، هەڵبەتە پێناسەکردنی ڕۆمان بۆ توێژینەوەیەکی ئەدەبی لەم شێوەیە چەند بارەو سواوە، نەخاسمە بۆ توێژینەوەیەکی دکتۆرا. هەرچی سەبارەت بە ئایدۆلۆژیایە دەتوانین بڵێین ((زاراوەی ئایدۆلۆژیا وشەیەکی گریکی(یۆنانی کۆن) ـە لە هەردوو کەرتی (ئایدۆ) واتە: بیر و بۆچوون و سەرنجدان، (لۆژی) واتە زانست، پێکهاتووە، وشەکە واتای کۆ و تێکڕای جیهاندید و سەرنجدان و هزر و بیری چینێکی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێ)).(عزیز، 2009، ل171) ئەم پێناسەیە زیاتر لە بۆچوونی مارکسیزم دەچێ لەبارەی ئایدۆلۆژیاوە، چونکە مارکسیزم پێی وایە کە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری هەر چینێك خودان ئایدۆلۆژیای تایبەت بە خۆیەتی، هەر یەکێك لەو چینانەش گوزارشت لە ئایدۆلۆژیای خۆیان دەکەن، جا دەکرێ ئەدەب یەکێك لەو کەناڵانەبێ کە هەر چینێك بتوانێت ئایدۆلۆژیاکەی خۆی پێ دەربڕێت. هەرچی سەبارەت بە مارکسیزمیشە ((زاراوەیەکە دەچێتە ناو کۆمەڵناسی و ئابوریی سیاسی و فەلسەفەوە، بە مارکسیزم ناودێرکراوە، بەهۆی گەڕانەوەی بۆ یەکەم تیۆریستی ئەم فەلسەفەیەوە، کە "کارل مارکس"ـە، وەك گوتمان ناوبراو فەیلەسوفێکی ئەڵمانی و زانایەکی ئابوری و ڕۆژنامەنوسێکی شۆڕشگێڕ بوو، دامەزرێنەری تیۆری سۆشیالیزمی زانستییە، بە هاوبەشی لەگەڵ "فریدیریك ئینگلز"، هەردووکیان خاوەن بیری سۆشیالیستین، سەرەڕای زۆری پارتە سۆشیالیستییەکان، بەڵام مارکس و ئینگلز بەتەنیا گەیشتن بەوەی کە سۆشیالیزم پێشکەوتنی هەمیشەیی مرۆڤایەتییە، بەپێی لۆژیکی دیالێکتیکی و بە ئامرازی شۆڕشگێڕانە))(سعدالدین، 2009، ص9). تیۆری ڕەنگدانەوە کە پاڵفتەی فەلسەفەی مارکسیزمە لە ئەدەبیاتناسیدا، داوا دەکات ئەدیب پابەند بێت بە گوزارشتکردن لە بەها مرۆییەکان، کە نموونەی ئایدۆلۆژین، لەوانە ئازادی ڕادەربڕینی سیاسی و کۆمەڵایەتی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی، هەروەها مافی ڕادەربڕینی هەر گەلێك لە دارشتنی چارەنوسیدا.

بێگومان سەدی نۆزدەهەم سەدەی هاتنە ئارای کۆمەڵێك گۆڕانکاری ڕیشەیی بوون لە تێکڕای بوارەکانی ژیاندا، لەوانە (بڵاوبوونەوەی بیری دیموکراسی و دەرکەوتنی سۆشیالیزم و ململانێ چینایەتییەکان، هەروەها کێبڕکێی نێوان وڵاتان لە بوارە جۆراوجۆرەکان و هاتنەپێشەوەی داگیرکاری لەپێناو دەستەبەرکردنی هەژموونی زیاتر، لەلایەکی ترەوە دەرکەوتنی زانستە مرۆییەکانی وەکو کۆمەڵناسی و دەروناسی و ئەنثرۆپۆلۆجی، لە سەرێکی ترەوە بڵاوبوونەوەی بیری ناسیونالیستی و مارکسیستی و بوونگەراییەکان، وایکرد ململانێیەکی توند لە نێوان ئایدۆلۆژیا و ڕێبازە فیکرییەکان بێتە ئاراوە).(أبو حاقة، 1979، ص24) کە دواتر ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆیان بەسەر ئەدەبەوە بەجێهێشت، ڕاستە ئەم ڕەنگدانەوەیە بەسەر زۆرێك لە ژانرە ئەدەبییەکانەوە دەرکەوت، بەڵام لە هەموویان زیاتر بەسەر ڕۆمانەوە ڕەنگیدایەوە، چونکە ڕۆمان وێنای واقیع دەکات و پڕیەتی لە کارەکتەری جۆراوجۆر، کە هەریەکەیان هەڵگری ئایدۆلۆژیایەکن، جا بەردەوام ئەو کارەکتەرانە بە هۆی ئایدۆلۆژیا جیاوازەکانیانەوە لە ململانێدان، بەتایبەتی لەو ڕۆمانانەی کە فرەدەنگین و ڕۆمانوس ئازادییەکی ڕەها دەدات بە کارەکتەرەکان تاوەکو بدوێن و دیدگا و جیهانبینی خۆیان پەخش و بڵاوبکەنەوە، کەچی لە شیعردا ئەمە کەمتر دەبینرێت، بەهۆی ئەوەی شیعر زیاتر مامەڵە لەگەڵ هەست و سۆزی

شاعیر دا دەکات، وەك لە بیرە جۆراوجۆرەکان، لەلایەکی ترەوە پانتایی شیعر زۆر بەرتەسکترە، وەك لەو فەزا بەرفراوانەی کە بۆ ڕۆمانووس ئاوەڵایە .

هیچ گومان لەوەدانییە کە پەیوەندییەکی قووڵ لە نێوان ئەدەب و ئایدۆلۆژیادا هەیە، چونکە دواجار ئەدەب وەکو سەرخانی کۆمەڵگا پڕیەتی لە دید و بۆچوون و جیهانبینی ئەدیبە جۆراوجۆرەکان، بەڵام خاڵێك مایەی هەڵوەستە لەسەرکردنە ئەوەیە، کە دەبێ ئەدیب هۆشیار بێت لە نێوان چەندایەتی خستنەڕووی بیرەکانی و بنەما ئیستاتیکییەکانی دەقەکەی، چونکە بۆچوونێك هەیە دەگوترێت تا ڕێژەی ئایدیا (سیاسی و کۆمەڵایەتی و ...هتد) ی ئەدیب زیاتر لە ناو دەقەکەیدا دەربکەوێ، ئەوا ئەو دەقە ((زۆرێك لە ڕەگەزە ئیستاتیکییەکانی لەدەستدەدات، بەمەش دەبێتە گوتارێکی پڕوپاگەندەیی بۆ بڵاوکردنەوەی بیرەکان)) (بوحرة، 2012، ص45).

زمان ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە خستنەڕووی ئایدۆلۆژیای ئەدیب، تەنانەت زۆرجار ئەدیبەکە نایەوێت ئایدیاکانی بەشێوەی ڕاستەوخۆ دەرببڕێت، بەڵام خوێنەری ورد دەتوانێت لە ڕێگەی بنیاتی هونەریی ڕۆمانەوە هەستیان پێبکات، بەتایبەتی لە ناو خودی توخمەکانی ڕۆمان و تەکنیکەکانی گێڕانەوەوەی ڕۆمان،لەوانە (شوێنکات، کارەکتەر، ڕووداو، چنین، وەسف، نۆستالژیا، دایەلۆگ، مۆنۆلۆگ، فلاشباك، پێشخەری، بەکارهێنانی ڕەمز)، کەواتە بوونی ئایدۆلۆژیا لە ڕۆمان شتێکی حەتمییە و لەوانەیە ڕۆمانێك نەدۆزیتەوە کە لە خزمەتی چەند بیرێکی دیاریکراودا نەبێت .

خاڵێکی سەرەکی تر کە دەبێ ئاماژەی پێ بکرێت، ئەویش ئەوەیە کە ئایدۆلۆژیای ڕۆمان زۆر بەتوندی وابەستەی فەزا(شوێن)یە، بەتایبەتی فەزای شار، ((چونکە بە دروستبوونی شار و زیاتر لێکنزیکبوونەوەی مرۆڤەکان، بەریەککەوتنی فیکری و فەلسەفی ڕوودەدات و ململانێکان چڕتر دەبنەوەو باڵادەکەن، هەموو ئەوانەش دەبنە کەرەستە و بابەتی گرنگ و جێ سەرنج بۆ ڕۆمانووسان)).(محەمەد، 2014، ل 151)

ڕۆمانووس کاتێك دێت وێنای جەنجاڵی و ژاوەژاوی شار دەکات، هەموو ئەو بیر و ئایدیایانە دەگوازێتەوە بۆ ناو دەقەکەی، بەمەش هەموو ئەو بیرە جۆراوجۆرانە دەبنە کەرەستەیەکی گونجاو، تاوەکو ڕۆمانووس لە ناو دەقەکەیدا بیانەزرێنێت، کە دواجار هەموو ئەو بیر و هەڵوێستە جۆراوجۆرانەی کارەکتەرەکان ململانێ دروست دەکەن و چنینی ڕۆمانەکە ئاڵۆزتر دەکەن.

مارکسیزم خواستی ئەوەی هەیە کە ئەدەب ببێتە شانۆی ژیان و هەموو ململانێ و بەیەکداچوونی ئاڕاستە فیکرییە جۆراوجۆرەکان لە دەقی ئەدەبیدا ڕەنگبدەنەوە، بۆ ئەمەش باشترین ژانر ڕۆمانە، واتە ڕۆمانووس دەبێ هەست بە بەرپرسیاریەتی بکات لە ئاست کۆمەڵگاکەی پابەند بێت بە وێناکردنی واقیعەوە، بەڵام بە یارمەتی ڕەگەزە ئەدەبییەکان جارێکی تر ئەو واقیعە بخاتەڕوو.

### 3. وێناکردنی ئافرەت و ئارێشەکانی لە ڕۆمانی (شار)ی "حوسێن عارف"دا

ڕۆمانی شار بەپێی بۆچوونی زۆرێك لە توێژەران و ڕەخنەگران و تەنانەت گەواهیدانی خودی ڕۆمانووسیش، ڕۆمانێکی تۆماری واقیعی شاری سلێمانییە، ئەم دەقە لە بنچینەدا خزمەتی دوو مەبەستی سەرەکی واقیعی ئەوسای کۆمەڵگای کوردی کردووە، ئەوانیش کۆمەڵایەتی و سیاسین، ئەمەش دەرهاویشتەی ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی سەدەی ڕابردوو بوو لە هەموو بوارەکاندا، بەتایبەتی لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، بە دیاریکراویش لە چلەکان و پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، کە هاوکاتن لەگەڵ زەمەنی نێو حیکایەتی ڕۆمانەکەوە. ((هەروەك بە ئاشکرا دیارە کە سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی چیرۆك و ڕۆمانەکانی (حوسێن عارف) واقیعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردین و سەرجەم ڕەگەزە پەیوەستەکانی باری کۆمەڵایەتی و زەمینەی مێژوویی و ئاستی هۆشیاری و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی چیرۆك و ڕۆمانەکانی ئەم نووسەرە هەڵهێنجراوی زەمینەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی ئێمەن)).(قەرەداغی، 2003، ل37) حوسێن عارف خۆشی لەبارەی شارەوە بەم جۆرە دەدوێ ((لە ڕۆمانی شاردا مەبەستم دەرخستنی کیشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانە، چونکە ڕۆمانی شار وەکو ڕۆمانێکی تەسجیلی نووسراوە، تێکەڵەیەکە لە تۆمارکردنی مێژووی ڕۆمانەکان و تۆبۆگرافیای شاری سلێمانی، بەڵام کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتە هەوێنی لایەنەکانی دیکە و کێشە سیاسییەکان)).(عارف، 2007، چاوپێکەوتن) بەپێی ئەم دوو بۆچوونەی سەرەوە بێت، ڕۆمانووس بە مەبەست بێ، یان بێ مەبەست ئەم دەقەی بە جۆرێك خۆڵقاندووە خزمەت بە هەموو ئەو کەسانە دەکات، کە دەیانەوێت لە بارودۆخی ئەوسای کۆمەڵگا و دۆخی پێکەوەژیان و چوارچیوە کۆمەڵایەتییەکەی شاری سلێمانی شارەزابن و زانیاری لەبارەوە کۆبکەنەوە و بەم پێیە بێت دەچێتە خانەی ڕۆمانی دۆکیومێنتارییەوە. چونکە ڕۆمانەکە زۆر بەوردی و بە زنجیرەیی ڕووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی نێوان ساڵانی (1942) تا (1958) مەزراندووە، کەواتە بابەتە مێژووییەکانی سەردەمی ئاماژەپێکراو بوونەتە کەرەستەی سەرەکی چنینی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆمانە، ئەگەرچی لە هەندێك شوێندا لە ڕێگەی تەکنیکی فلاشباکەوە گەڕاوەتە بۆ مێژووی ساڵانی بەر لە 1942 هوە.

یەکێك لەو توێژانەی کە لەم ڕۆمانەدا لای لێکراوەتەوە و پشکی شێری بەرکەوتووە، ئافرەتانن. ئافرەت لەم دەقەدا هەڵگری کۆمەڵێك خەسڵەتی جۆراوجۆرن، لەلایەك ئافرەتسالار و لە زۆر لای ترەوە قوربانی سیستەمی نێرسالار، بۆیە هەوڵدەدەین لە دووتوێی توێژینەوەکە لەسەر چەمکەکان بدوێین و نموونەی گونجاویش لە نێو خودی ڕۆمانەکە بخەینەڕوو .

لەم ڕۆمانەدا جگە لە چەند کارەکتەرێکی ئافرەت، کە خاوەن دەنگ و ڕەنگی خۆیانن، ئەوانیتر زۆربەیان لە بەرەی دەنگی مێیینەی کپکراو و ستەملێکراو و چەپێندراون. یەکێك لە دیارترین ئەو ئافرەتانەی کە خاوەنی خۆیەتی و دەنگێکی زوڵاڵە لە سیاقە کۆمەڵایەتییەکەدا (مێمکە حەلیم)ە، مێمکە حەلیم خاوەنی ئەو خانەیە، کە سابیر و خێزانەکانی تر کرێچی ئەون، بەڵام ئەوەی مێمکەی کردۆتە خاوەن کەسایەتییەکی گەورە موڵکەکەی نییە، بەڵکو خودی هەڵسوکەوتەکانییەتی، بەشێوەیەك کە هیچ یەکێك لە کرێچییەکان نەیاندەتوانی لە فەرمانی ئەو دەرچن، جگە لە هەڵسوکەوتیش مێمکە تەمەنێکی زۆری بەرێ کردبوو، خودان ئەزموونێکی کۆمەڵایەتی زۆر بوو، بۆیە زۆربەی هەنگاوەکانی حەکیمانەبوون. ئەگەرچی لەم ڕۆمانەدا مێمکە وەکو کەسێکی ئافرەت سالار وێناکراوە، بەڵام هیچ کات دەسەڵاتەکەی بۆ ڕەشکردنەوەی ڕەگەزی بەرامبەر بەکارنەهێناوە، بگرە هەمیشە دەیویست تاکەکانی ناو یەك خێزان لە پورە هەنگەکەیدا یەك دەست و یەك ئامانج بن، تاوەکو ببنە خێزانێکی بەهێز و بەختەوەر، باشترین بەڵگەش پەراگەندەبوون و سەرلێشێوانی کرێچییەکانی بوو دوای مردنی ئەم. ئەوەتا لە زاری حاجی سلێمان ناوێکەوە، کە دراوسێی خانەکەی مێمکە بوو، دوای مردنی مێمکە بەم شێوەیە دڵنەوایی حاجی عەلی دەدایەوە ((ـ کورەکەم.. باوکەکەم.. هەموو دەزانین لە دایك دایکتر بوو بۆتان. بەڵام هیچ دایکێك بۆ هیچ کەسێك تا سەر نامێنێ. مردن لە

10.24086/cuejhss.v7n2y2023.pp60-72

ڕێگەی هەموواندایە. ئێستاش تۆ بەر لە هەر کەسێکی تر، دەبێ دان بە خۆتدا بگریت و هێور ببیتەوە)).(شار، ل41) ئەم شپرزەییەی حاجی عەلی و ئەوانیتر گەواهیدەری کاریزمایی میمکە حەلیم دەردەخات، کە تا لە ژیاندابووە چەندە لە خەمی کرێچییەکانیدا بووە. ڕۆماننوس هەوڵیداوە گۆشەیەکی ژیانی ئەوسا هاوشێوەی فۆتۆگرافەرێك بخاتەڕوو، لەلایەك لەوسا ئەو جۆرە خانانە زۆربوون و ژمارەیەك خێزان تیایدا دەژیان و کۆدەبوونەوە، لەلایەکی ترەوە وێنای ئەو پەیوەندییە کۆمەلایەتییەی نێوان کرێچییەکانی ناو خانەکەی کردووە، سەرەڕای وێناکردنی نموونەیەکی ئەرێنی ئافرەتی کورد، کە خۆی لە کارەکتەری میمکە حەلیمدا دەبینێتەوە. یەکێکی تر لە دەنگە مێینەکان کە خاوەن کەسایەتییەکی بەرزە و نەکەتۆتە ژێر ڕکێفی دەسەلاتی نێرسالارییەوە (مامۆستا گەلاوێژی کچی مەحمودی عەلاف)ە، کە دواتر لە لایەن ڕۆمانوس هەم وەکو کەسێکی ڕۆشنبیر، هەمیش وەکو ئەندامێکی حزبێکی چەپ ناسێندراوە، پێدانی ئەو جۆرە پیشە و کەسایەتییە بە کارەکتەرێکی ئافرەت، هەرخۆی یەکناگرێتەوە لەگەڵ زۆربەی ئافرەتانی تری ئەو ڕۆمانە، کە بوونەتە داشی دامەی بەردەستی پیاو و لەلایەن ئەوانەوە هەڵدەسورێندرێن.

لێرەوە گرنگترین ئەو ئاریشانەی تاکی ئافرەتی کورد لەشاری سلێمانی دەخەینەڕوو، کە لەم ڕۆمانەدا ئاماژەیان بۆ کراوە، کە ئەمانەن:

### 3.1 بە کۆیلەکردنی ئافرەتان:

ئەگەرچی بۆ واقیعی ئێستا هەستدەکەین کە نایەکسانی جێندەری کەم بۆتەوەو ئەو جیاوازییە کۆمەڵایەتییە نەماوە، کە سیستەمی نێرسالاریلە ڕابردوودا نەخشاندبووی، بەڵام بۆ زەمەنی حیکایەتی ڕۆمانەکە پیاو هەمیشە لە هەرەمی دەسەڵاتدا بووە، بە پێچەوانەوە ئافرەت وەکو مرۆڤێکی پاسیڤ وێناکراوە، ئەمەش دەرهاویشتەی سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە، کە پێی دەگوترێت (نێرسالاری). بەپێی ئەم سیستەمە کاتێك نێر قۆرخی هەموو جومگەکانی دەسەڵات دەکات، هەر لە خێزانەوە تا دەگاتە گەورەترین دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی، ئەوا هەمیشە هەست بە پاشکۆیەتی ڕەگەزی مێینە دەکرێت، ئەم جۆرە تێگەیشتنە ڕەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەڵە تێگەیشتن لە ئایین و باڵادەستی پیاو لە دانانی نەخشەسازیی دابونەریت بۆ ماوەیەکی زەمەنی درێژ. لەم ڕۆمانەدا ڕۆمانوس باس لە کارەکتەری (دەروێش)ناوێك دەکات، کە خاوەنی کۆمەڵێك خەسڵەتی نامرۆڤانەبوو، لەوانە خۆپەرست و توندوتیژ و دڵڕەق و سادی...هتد بۆ هەموو هەنگاوەکانی خورشەی خوشکی بەکاردێنا و خورشەی کردبووە دیلی خواستەکانی خۆی، لە زاری گێڕەرەوەی هەمووشتزانەوە باسی کۆیلەبوونی خورشە بەدەست دەرویشەوە دەکرێت ((خورشە وردە وردە، بووە تەنیا کۆیلەیەکی دەروێش. هەرچۆنێکی هەڵبسووڕاندایە، قەت نەیدەووت نەء ! خۆ ئەگەر جارجارێکیش لە دەمی دەرپچووایە، قەت نەئەکەی کاری نەدەکردە فەرمایشتەکانی ئەوو هیچی لێ نەدەگۆڕین)).(شار، ل91) تەنانەت لە هەر سێ لەو هاوسەرگیریانەی کە کردبووی، خورشەی وەکو ئامرازێك بۆ ڕازیکردنی خواستە شەهوانییەکانی بەکاردێنا و ئەوی دەکردە نێوەندگیر بۆ ڕازیکردنی هاوسەرەکانی، تەنانەت بۆ کاتی سەرجێیش. هیچ هەنگاوێکی خورشە بە ئاراستەی ژیانی خۆی نەبوو، بەڵکو دەبوایە هەمیشە بیری لای برا بەدکردارەکەی بوایە، تەنانەت دەروێش هۆکاربوو، بۆ لێکجیابوونەوە و هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی نێوان خورشە و عەزیزی هاوسەری، ئەوەتا لە زاری گێڕەرەوەی هەمووشتزانەوە بەم شێوەیە خراوەتەڕوو ((کەچی کاتێ دەرویش ژیانی لە عەزیز کردە دۆزەخ و ئەم دوا بڕیاری خۆی دا، خورشە وای نەکرد. وەکوو دەروێش لەو ماوەیەدا گیرۆدەی جادوویەکی کردبێ، زۆر بەبێ باکی یەوە لە ڕووی بڕیارەکەدا وتی :

نەء نایەم.. تۆ دەتەوێ من بۆ دۆزەخێك بەریت. گوایە بێم بمە کارەکەری دایکت و خوشکەکانت ؟!.. نایەم

عەزیز هەوڵی زۆر لەگەڵدا قایلی بکا. کە هەر بێ سوود بوو وتی :

ئاخر خراپت بەسەردێ ؟! بۆ نیازی چیت هەیە ؟! سەرم دەبڕیت ؟1

نەء لەسەربرین خراپتر.. تەڵاقت دەدەم.

ئیتر ئەوە دوا ساتی ژن و مێردایەتیان بوو)).(شار، ل90) لێرەدا دەردەکەوێ کە خورشە چەندە کاریگەری دەروێشی برای بەسەرەوە بوو، چونکە بەرلەوەی دەروێش لە کەرکوك بگەڕێتەوە، کە پێشتر لەلایەن باوکییەوە لە ماڵ دەرکرابوو، ژیانی خورشە و عەزیز لەوپەڕی باشی بوو و هیچ کێشەیەکی وایان نەبوو، کە شیاوی باسکردن بێ، بەڵام دوای گەڕانەوەی دەروێش ئیتر ڕێتمی ژیانی ئەو دوو هاوسەرە تێکدەچێ تا ڕادەی جیابوونەوە. ڕۆمانوس هەوڵیداوە بەشێوەی ڕیالیزمی شیکاری دۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی خورشە لە دوو کاتی جیاواز بخاتەڕوو، کاتێك کە لەگەڵ عەزیزی هاوسەری ژیانێکی ئاسایان دەگوزەراند، کاتێکی تریش کە خورشە بۆتە مرۆڤێکی داماڵدراو لە مرۆڤبوون و تەنانەت وەکو ڕۆبۆتێك بۆتە بوکەڵەی دەستی دەروێشی برای.

### 3.2 بە زۆر بە شودانی کچان:

هەمیشە دەگوترێت یەکێك لە ڕاگرەکانی کۆمەڵگای تەندروست، هەبوونی خێزانی تەندروستە تیایدا، دروستبوونی خێزانی تەندروستیش گرێدراوە بە کۆمەڵێك میکانیزمەوە، لە سەرەتاییترینیان هەڵبژاردنی هاوسەری ژیانە بەشێوەی ئارەزوومەندانە لەلایەن هەردوو ڕەگەزەوە، نەك بە شێوەی خورتی و زۆرە ملێ. چونکە هاوسەرگیری وەکو گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی لە ڕووی ئاینیشەوە بەتایبەتی ئاینی ئیسلام، کە کورد زۆرینەی موسڵمانە، پەیوەستە بە ڕازیبوونی هەردوو ڕەگەز بەو گرێبەستەوە، بەپێچەوانەوە گرێبەستێکی پوچەڵ دەبێت و مارەییان لە یەکتر نایەت، ئەگەرچی لە ڕووی ئاینیشەوە بۆچوونی جیاواز لەم بارەیەوە هەیە، کە ئەمانەن، بەشێکیان دەگەڕێنەوە بۆ ئەو فەرمودەیەی پێغەمبەرمان موحەمەد(ﷺ) کە لەلایەن (إبن عباس)هوە گێردراوەتەوە {أنَّ جاريةً بِكْرًا أتتِ النَّبيَّ صلَّى اللَّهُ علَيهِ وسلَّمَ، فذَكَرت أنَّ أباها زوَّجَها وَهيَ كارِهَةٌ فخيَّرَها النَّبيُّ صلَّى اللَّهُ علَيهِ وسلَّمَ}.(ابي داود،1996، ص2096) بەسەرهاتی پشت ئەم فەرمودەیە ئەوەیە ((کچێك هاتە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) گلەیی لە باوکی کرد، کە بەبێ خواستی خۆی دەیدات بە شوو، پێغەمبەریش (ﷺ) موخەیەری کرد، شووکردنی خستە سەر خواستی خۆی، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە کچ موخەیەرە و شووکردنی لە دەستی خۆیدایە)).(ژاڵەیی، 2008، ل 42) ئەمەش بەڵگەیە لەسەر نەبوونی ناهۆشیاری ئاینی و گەڕانەوە بۆ داب و نەریت، چونکە لەسەردەمی پێغەمبەر (درودی خوای لێبێت) هاوەڵان کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ پێغەمبەر بەرکەوتنی کۆمەڵایەتیان هەبوو، هۆشیارتربوون بە شەریعەتی ئیسلام و ڕوانگەی ئەو ئاینە لە نەخشەرێگای پێکهێنانی خێزان و چۆنیەتی بڕیاردان لەم بارەیەوە، بۆیە ئەگەر دیدی پێغەمبەر(ﷺ)لەم بارەیەوە سەرپشککردنی کچ خۆی بێت، ئەوا هەر زۆرەملێکردنێك لەسەردەمی ئێستاماندا لەم بارەیەوە هیچ پەیوەندییەکی بە

10.24086/cuejhss.v7n2y2023.pp60-72

ئایینەکەوە نییەو ناکریت لەسەر ئایین هەژمار بکرێت. بەڵام وەك ئاماژەی پێکرا زیاتر بابەتەکە پەیوەستدارە بە سیستەمە نێرسالارییەکە. ئەمە بەو مانایە نایێت کە کچان لە پێکهێنانی ژیانی داهاتوویان هیچ ئەرزشێك بۆ بەخێوکەرانیان دانەنێن و پرس و ڕایان پێنەکەن، چونکە پتەوی خێزان دەوەستێتە سەر ڕادەی لەیەك نزیکی ئەندامانی خێزان و بەیەکەوە بڕیاردانیان لەپرسە گرنگ و چارەنوسسازەکاندا.

کە باس لە بە زۆر بە شودانی کچان دەکرێت، دەکرێت لەبری هاوسەرگیری دەستەواژەی پێکەوەگرێدان بەکاربهێنین، ((بۆیە زاراوەی پێکەوەگرێدانمان لەم سیاقەدا بەکارهێنا، چونکە پێمان وایە بەیەکەوە گرێدانێکی ناتەندروستە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، بۆیە گونجاو نەدەبوو زاراوەی هاوسەرگیری بەکاربهێنین، چونکە هاوسەرگیری گرێبەستێکە لەڕووی شەرعییەوە هەردوو ڕەگەز دەبێ پێی ڕازیبن، چ کچ، چ کوڕ)).(حەمەد، 2015، ل120) بەڵام کاتێك کچان ناتوانن خۆیان نەخشەڕێگای داهاتوویان دیاری بکەن، بە پاساوی سەرۆکی خێزان باوك و برا کە زیاتر ڕەگ و ڕیشەی لە دابونەریتی کوردەوارییەوە هاتووە، دەستوەردان دەکەن لەم بوارەدا، تەنانەن بچوکترین مافی بڕیاردان بۆ کچەکە بە ڕەوا نابینن، ئەوا هەروەك چۆن بناغەی خێزان بە ناچلی دەستپێدەکات، ئاواش بە ناکامی گەشە دەکات و کۆتاییەکەشی بەرەو تونێلی تاریك و نائارام هەنگاو دەنێت. دەکرێ چەندین جۆر بە زۆر بەشودانی ئافرەتان لە کۆمەڵگای کوردی دەستنیشان بکەین، کە دەتوانین نموونەی بەشێکیان لەم ڕۆمانەدا بدۆزینەوە، کە ئەمانەن: (گەورە بە بچوك یان (هاوسەرگیری پێشوەختە)، کچ بە شودان لە پێناو پارە، کچ بە شودان لە بری خوێن).(حەمەد، ل120-121)لە دیارترین ئەو کچانەی کە لە بەرگی یەکەمی ڕۆمانی شار بۆتە قوربانی ئەم دیاردەیە (مریەم)ە،چونکە مەریم دوای مردنی دایکی و میمکە حەلیم، جگە لە مامۆستا گەلاوێژ هیچ پاڵپشتییەکی مێینەی نەمایەوە، باوکیشی نەیدەتوانی وەك پێویست بە ئەرکی باوکایەتی خۆی هەڵسێت، بۆیە هەر زوو بڕیاریدا بە شوی بدات، ئەم بابەتە لە زاری مامۆستا گەلاوێژ پشتڕاستکراوەتەوە، کاتێك لەگەڵ مریەم دەدوێ((ـ باوکت دەیەوێ لە کۆڵ خۆیت بکاتەوە. تۆ لە ئێستەوە لێرە دەبیت و مەچۆرەوە بە لایدا. ئەگەر هاتیش بە دواتدا، بلێ نایەم.. باشە؟))(شار، ل62) سابیری حەماڵ کە باوکی مریەمە خاوەن کەسایەتییەکی تەمبەڵە لە کارکردندا، لەم بارەشدا لە ئەستۆگرتنی مریەم بۆی ئەستەم دەبێت، بۆیە بڕیاریدا بەشوی بدات. لێرەدا مامۆستا گەلاوێژ دەیەوێت گیانی یاخیبوون و هەڵگەڕانەوە لە ناخی مریەم دروست بکات، بەڵام تەمەن بچوکی مریەم وایکردبوو، نەتوانێ هەنگاوێکی لەم شیوەیە بنێت، بۆیە دواجار ئەم هەنگاوە بۆ باوکی چووە سەر و مریەم شوی بە دەروێش ناوێك کرد، کە جیاوازییەکی تەمەنی زۆر لە نێوانیاندا بوو، تەنانەت لەرووی تەمەنەوە وەك کچ و باوك دەهاتنەبەرچاو. مریەم تەمەنی یازدە ساڵان بوو، کە کەوتە بەردەستی دەروێشی توندوتیژ، ((ئەمە ژنی سییەمی بوودەیهێنا کە گەورەترینیان لە کاتی مارەکردنیدا، لە تەمەنی سیانزە ساڵاندا بوو! بچووکترینیشیان کە مریەم بوو، لە تەمەنی یانزە ساڵاندا بوو!)). (شار، ل83) ئەمە لە زاری گێڕەرەوەوە خراوەتەڕوو، دەروێشیش تەمەنی لە سەرووی چل و پێنج ساڵان بوو ((ئەوەشی لە نزیکەوە نەیناسیایە، سەری سوڕ دەما کە چۆن چۆنی ئەو کچە مناڵە ناسکانە، دەکەونە لای ئەم بەدفەساڵە؟! بە لەش و لار، لەڕ و لاوازێکی کورتە باڵای جیقن. بە سەر و سیما، دەم و چاو ئاوڵاوی یەکی ڕوومەت قوپاوی چەناگە درێژ. بە جل و بەرگ، کەواو سەڵتە و کڵاوو مشکی یەکی نیوداشت. بە تەمەنیش، لە چل و پێنجی تێ پەڕاندبوو)). (شار، ل84) لێرەدا ڕۆمانووس ویستویەتی بە شێوەی ڕیالیزمی رەخنەگرانە ڕەخنە لەم دیاردەیە بگرێت، کە بێگومان ڕەگ و ڕیشەکەی بۆ کەلتور و دابونەریتی کۆمەڵگای کوردەواری دەگەڕێتەوە. ئەوەی شایەنی هەڵوەستە لەسەرکردنە ئەوەیە کە هەر سێ هاوسەرگیرییەکەی دەروێش لەگەڵ کچانی منداڵکار بووە. ئاشکرایە توندوتۆڵی پەیوەندی نێوان ژن و مێرد پەیوەستدارە بە کۆمەڵێك پرەنسیپەوە، لە هەموویان گرنگتر لەیەکتر تێگەیشتنی نێوانیانە، بەڵام کاتێك بۆشاییەکی گەورەی تەمەنی لە نێوانیان هەبێ تێگەیشتنیش زەحمەت دەبێ، لەلایەکی ترەوە ئەو جیاوازییە زۆرەی تەمەن ئاستەنگ بۆ مەسەلە سێکسییەکانی نێوان هاوسەرانیش دروست دەکات، چونکە ئاشکرایە مرۆڤ چەندە لە ڕووی تەمەنەوە هەڵبکشێت، توانا سێکسییەکانی بەرەو لاوازبوون دەڕۆن، کە دواتر ئەمەش لێکەوتەی کۆمەڵایەتی خراپی لێدەکەوێت، جا بە خیانەتکردن و لادانی کۆمەڵایەتی بێت، یانیش بە لەیەکجابوونەوە.

ڕۆمانووس لەم ڕۆمانەدا لەگەڵ ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە نییە و بە شێوەی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە هێرش دەکاتە سەر مامۆستایانی ئایینیش، بەوەی کە دەبنە نێوەندگیری ئەم جۆرە گرێبەستە کۆمەڵایەتییە نەرێنییانە و ڕەوایەتییان پێدەدەن، ئەوەتا لە زاری گێڕەرەوەی هەمووشتزانەوە باس لە حاڵەتی مارەبڕینی یەکەم هاوسەری دەروێش دەکات ((دەروێش ئەو ڕۆژە ، گەلێ ڕاکە ڕاکەی پێ کردبوون، تا لە ئەنجامدا گەیاندبوونی یە لای کۆلکە مەلایەك و کارەکەی ساز دابوو)).(شار، ل94) لەم سیاقەدا ناوبردنی مامۆستای ئایینی بە کۆلکە مەلا، گوزارشتە لە کەمکردنەوەی پێگەی کەسایەتیی توێژی ناوبراو، ئاشکرایە (کۆلکە) وەکو بەشی یەکەمی وشەی لێکدراوی کۆلکە مەلا بە مانای ناتەواو دێت، کۆلکە مەلاش ئەو مەلایە دەگریتەوە کە زانیاری لە بابەتە فیهی و شەرعییەکاندا کەم بێت و خوێندەوارێکی ناتەواو بێت .

جۆریکی تری بە زۆر بەشودانی کچان، ئەوەیە کە کچەکە لەلایەن بەخێوکەرانییەوە لە پێناو بڕێك پارە بە شوو دەدرێت، ئەم جۆرە هاوسەرگیرییەش ئەگەر لە پشت پەردەوە تەنیا مەبەست لێی دەسکەوتنی بڕێك پارە بێت و هیچ ڕەزامەندییەکی کچەکەی لەسەر نەبێت، ئەوا دیسان دەچێتە خانەی زۆرەملێ و بەخورتیکردنەوە. لەم بابەتەشدا دیارترین نموونە مریەمە، چونکە مریەم لەلایەن سابیری حەماڵی باوکییەوە فرۆشرابوو بە دەروێش ((فاتم نەنە ڕەحمەی هەبوو، دەستی لە دەروێش بۆ بداتە کێرد و لە چنگی ڕزگاری بکا، بەڵام مریەم لەوەش بی بەش بوو. ئەم ئەوەی هەبوو، باوکێکی بودەڵەی گەمژەبوو کە بە فرۆشتن فرۆشتبووی و لە ئاکامیدا، لە پەیوەندیی باوك و فرزەندی یە ئاساییەکەش شۆرابووەوە. بۆیە ئەم ئەگەرچی، پەلەقاژەیەکی زۆری بۆ دەربازکردن کرد، کەچی هەر لە داوەکەدا مایەوە)).(شار، ل96) تاکە بیانووی سابیر لەم بڕیارەی هەژاری و نەداری بوو، کاتێك لەسەر زاری خۆیەوە دەگێڕدرێتەوە((ـ بلێم چی کوڕەکەم.. هەژاری و برسێتی یەکە، کەتنەکەی پی کردم و لەدەستم دەرچوو)).(شار، ل174) لێرەدا ڕۆمانووس بیروڕا ڕەخنەییەکەی خۆی لەمەر ئەو هەنگاوەی سابیری حەماڵ لە پەنا کارەکتەرێکەوە دەردەبڕێت، کە ئەویش خورشیدە، کاتێك بەم شێوەیە وەڵامی سابیری حەماڵ دەداتەوە ((ـ ئا بەڵێ.. ڕەشە خێزانت بەسەردا کەوتبوو ! تۆ هەر خۆت و ئەو تولفە بوون...)).(شار، ل174) لەم سیاقەدا دەردەکەوێت، کە ئەگەر بەخێوکەری خێزان مرۆڤێکی ئیداری نەبێ، ئەوا دەشێ لە هەر هەنگاوێکیدا زیان بە ئەندامانی خێزانەکەی بگەیێنێت، ئەمەش بە ئاشکرا بەسەر ژیانی مریەم ڕەنگیداوەتەوە، کە هەمیشە بیری لە جێهێشتنی ئەو ژیانە دەکردەوە، کە بەخۆی

هەڵینەبژاردبوو. ئەو هەنگاوەی سابیری حەماڵ دواجار ئاکامێکی کۆمەڵایەتی خراپی بۆ خۆشی بەدوای خۆیدا هێنا، کاتێ دەروێش لەسەر دەستی سابیر خۆیەوە دەکوژرێت، ئەمەش لەلایەن گێڕەرەوەی هەموو شتزانەوە گێڕدراوەتەوە((لە ناو دەرگای چاخانەکەدا راوەستابوو هەر جنێوی دەدا، ئەم بە سێ چوار قەڵمبازد، خۆی گەیاندە لای خاکەنازە بچووکەکەی سەر وەجاخەکە. بە پڕتاو دەستی دایە و بەرەو ڕووی چوو. ئەو وەك بە هیچ کلۆجێ نەچیتە ئەقڵیی یەوە کە ئەم دەتوانی دەستی لێ بوەشێنێ، تا خاکەنازەکەشی لێ بەرزکردەوە، لە جێ ی خۆی جووڵەی نەکردو بە تەمابوو چاکتر لی ی بچێتە بەرەوە، تا لەتە خشتەکە بسرەوێنێتە سەری ئەمیش. بەڵام ئەم بواری نەداو هەتا هێز لە دەست و بازوویدا بوو، خاکەنازی لەسەرشان کێشا بە تەوقی سەریداو خوێن فیچقەی کرد. لەگەڵێدا ڕەتی بردە دەرەوەو کەوت. ئەو دەستی نایا سەر سەری و لەسەر زەوی یەکە گرمۆڵەبوو. ئەم هەر وازی لێ نەهێنا، سێ جاری نریش لەسەر یەك، کەللەی سەری داپلۆستەوە، تا خەڵکەکە دەستیان گرت ...ئیتر دەروێش، بۆ ماوەیەکی کەم لە خوێنی خۆیدا گەوزاو لنگەفرتێی کرد. تا وردە وردە جووڵەی لەبەر بڕا و خپ بوو))(شار، ل241). دوای کوشتنی دەروێش سابیر بە بەندکردن سزادراو ئیتر مریەم بێ باوکیش مایەوە. ئەمە دەرئەنجامی بڕیارێکی هەڵەی باوکێك بوو، کە کچە منداڵەکەی لە تەمەنی منداڵی لە پێناو پارەدا خستە ناو ژیانێك، کە دواجار کۆتاییەکەی زۆر نەرێنی بوو، هەم بۆ مریەم و هەمیش بۆ خۆی، کە کەوتە کونجی زیندانەوە.

### 3.3 ڕەدوکەوتن:

بۆ هەر کردارێکی نەرێنی لە ژیانی مرۆڤ دەبێ بگەڕێینەوە بۆ باکگراوندەکەی، چونکە هەموو کارێك پێشینەیەکی هەیە و هۆکارگەلێکی هەیە بۆ ڕودانی، یەکێك لەو کردارانەش ڕەدوکەوتنە، کە ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی هەیە و لە ئیتنیکی کورد دا نیشانەی پرسیاری زۆری لەسەرە، بە شیوەیەك نە ئایین ڕێگای پێدەدات، نە دابونەریتی کوردەواریش. بەڵام بە پێچەوانەوە شێرزاد حەسەنی نوسەر بە جۆرێك لە جۆرەکان پیرۆزی بەم بابەتە دەدات و پێی وایە جۆرێکە لە یاخیبوونی ئافرەت دژ بە دەسەڵاتی نێر و سیستەمی نێرسالاری کاتێك دەڵێت، ((یەکەمین سەرنجی من سەبارەت بە ڕەدوکەوتن ، مەسەلەی بە گژاچونەوەی ئافرەتە، کە بە درێژایی مێژوو ئەوپەڕی هەوڵو تەقەڵای پڕ شانازی لە چوارچێوەی ئەو دابونەریتەدا تۆمارکردووە، بۆ گوزارشت کردن لە سەربەستی و ڕەتکردنەوەی هەر هەموو بەها و مۆراڵی پیاوسالاری و گومان خستنە سەر دابونەریتێك کە تەمەنی هەزار ساڵە و ، بە درێژایی سەدەکان قووڵ ڕەگی داکوتاوە، کە هەر هەموو پایەکانی ئەو مۆراڵ و دابونەریتە لەسەر بە پیرۆزکردنی دەسەڵاتی پیاو دامەزراوە)).(نورەدین، 2007، ل5) ئەگەر تاکە بیانوو بۆ بابەتی ڕەدوکەوتن سەرپەشکنەکردنی ئافرەتان بێ لە هەڵبژاردنی هاوسەری ژیانیان، ئەوا دەکرێ خەباتی ئافرەتان بەو ئاڕاستەیە بێ، کە هاوسەنگی جێندەری بگەڕێننەوە و هەوڵ بۆ سەنگ و پێگەی خۆیان بدەن، نەك ئەنجامدانی کردارێك، کە بە لادانی کۆمەڵایەتی لەسەریان هەژماربکرێت، چونکە ئەوکاتە بیانوو دەدەنە سیستەمە نێرسالارییەکە بە سزادانیان بە کوشتن، یانیش حاشا لێکردن.

سروشتی ئەم توێژینەوەیە وایە هەر ناونیشانێك زۆر پەیوەستدارە بە ناونیشانی پێشە خۆی و دوای خۆی، بەو واتایەی ئەگەر هاتوو ئافرەتێك سەرپشك نەکرا لە هەڵبژاردنی هاوسەری داهاتووی، ئەوا یەکێك لە ئەگەرەکان کە دەشێ پەنای بۆ ببات ڕەدەوکەوتنە.

بەتایبەتی ئەگەر کچەکە دڵی بە کوڕێك بێت، کە دڵخوازی خۆیەتی. ڕۆمانی شار وەکو تۆمارێکی واقیعی، بەڵام بە شێوازە ئەدەبییەکەی زۆر دیاردەی ئیتنیکیی نەتەوەی کوردی باس کردووە، یەکێك لەو بابەتانەش ڕەدوکەوتنە، ئەگەرچی ئەم بابەتە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازە، بەشێوەیەك لە هەندێ ناوچەدا وەکو دوا ڕێگاچارە دوو دڵدار پەنای بۆ دەبەن، بەڵام لە هەندێ ناوچەی تر ئەمە بە تەواوی یاساغە و دەشێ لە بری ئەو بابەتە پەنا بۆ خۆ کوشتن، یان هەر ڕێگا چارەیەکی نەرێنی تر ببرێت. لەم ڕۆمانە خازەی خێزانی وەستا تایەری چایچی ئەو کارەکتەرە ئافرەتەیە، کە پەنای بۆ ئەو بابەتە پردووە، دوای ئەوەی ڕەدوی وەستا تایەر کەوتووە، ئەهەمەش لە زاری وەستا تایەرەوە بۆ ئەورەحمان گێڕدراوەتەوە، کە لە ڕێگەی کەس و کارییەوە چەندین جارخوازبێنی خازەی کردووە، بەڵام باوکی نەهاتۆتە ژێربار و ڕازی نەبووە((باوکێکی زۆر قیرسچمەی هەبوو. ئەو وەختە باوکم، سێ ساڵ بوو فەرمایشتی خودای بەجێ هێنابوو. بۆیە خاڵم کرد بە گژیدا. خاڵ چەندە کردی و کۆشای، سودی نەبوو. ئینجا چووم دەستی خزم و کەس و کاری خۆیم ماچ کردو هەر نەهاتە ژێربار. دواجار پەنام بردە بەر ، پیاو ماقوول و ڕیش سپی یان. کەچی هەر دادی نەداو لە کەلی شەیتان نەهاتە خوارەوە! ئینجا هیچ ڕێگایەك نەما هەڵگرتن نەبێ)).(شار، ل139) کەواتە بەخێوکەرانی خازە هۆکاربوونە کە ناوبراو و وەستا تایەر پەنا بۆ بۆ کردارێکی لەم شێوەیە ببەن، کە لە سیاقە کۆمەڵایەتییەکە بێزراوە. دەرەنجام ئەمانیش بە گوێرەی تێگەیشتنی ئەوسایان پەنایان بۆ ئەم بابەتە بردووە. ئەوەی شایەنی باسە دەستەواژەی ڕەدوکەوتن تایبەتە بە ئافرەتەکە، هەرچی پیاویشە کە ئەویش بکەرێکی تری ئەو کردارەیە، بۆ ئەو دەستەواژەی هەڵگرتن بەکاردێت. ئەو دوو کارەکتەرە لە بنچینەدا خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن و بە دیاریکراویش بانە، دوای پەنا بردن بۆ ڕەدوکەوتن لە ترسی گیانی خۆیان بانە جێدێڵن و لە سلێمانی دەگیرسێنەوە، بەڵام لەلایەن بنەماڵەی خازەوە حاشایان لێدەکرێت((تەقەڵات نەدا دڵی باوکی ڕازی بکەیت و بەینتان خۆش بێتەوە؟

با.. دوای چوار پێنج ساڵێك. بەتایبەتی کە خازە زۆری لێکردم. کەچی وەرامی ئەو تەنیا هێندە بوو کە وتبووی: پێ ی بڵێن، هەر کەسەمان بە ڕێ ی خۆی)).(شار، ل140) ئەگەرچی لە پێشووتریش هەوڵێ کوشتنیان درابوو لەلایەن ئامۆزایەکی خازەوە ((بیستم ئامۆزایەکی، هەوڵێکی دابوو بە دواماندا بێت. بەڵام گەیشتبووە سەر سنوور و گەڕابووەوە)).(شار، ل140)

### 3.4 لێکجیابوونەوە(تەڵاق):

تەڵاق وەکو چەمکێك ڕەهەندی ئایینی، کۆمەڵایەتی، ئابوری خۆی هەیە، ئەگەرچی لەڕووی ئایینییەوە حەڵاڵە و ڕێگاپێدراوە، بەڵام بەو مەرجەی لە چوارچێوەی ڕێوشوێنە ئایینییەکانەوە ئەنجام بدرێت. کاتێك لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دوو هاوسەر لەگەڵ یەك ناگونجێن دەکرێ وەکو یەکێك لە ئەگەرەکان پەنای بۆ ببەن، باجی تەڵاق کاتێك قورس دەبێت، کە لە نێوان دوو هاوسەرە جیابووەکە منداڵ بوونی هەبێت، ئیتر ئەو منداڵە بە جۆرێك لە جۆرەکان دەبێتە قوربانی، چونکە یان لای دایکی دەمێنێتەوە، یانیش لای باوکی، لە کاتێکدا منداڵ پێویستی بە سۆزی دایك و باوکی هەیە لە هەمان کاتدا.

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز، زۆر بە پیرۆزی باسی پەیوەندی نێوان ژن و مێرد دەکات، کاتێك دەفەرموێت {وَمِنْ ءَايَـٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا لِّتَسْكُنُوٓا۟ إِلَيْهَا

10.24086/cuejhss.v7n2y2023.pp60-72

وَجَعَلَ بَيۡنَكُم مَّوَدَّةٗ وَرَحۡمَةًۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ}.(القرآن الكريم، سورة الروم، الآية 21) مەبەست لە وشەی (مودة)ش بوونی خۆشەویستییە، کە لە نێوان ژن و مێردا ڕاستەوخۆ دوای مارەبڕینیان لە یەکتر دروست دەبێت، کە پڕیەتی لە ڕێز و نەرمونیانی و یەکتر ویستن، تەنانەت دوای پیربوون و ئەوپەری لاوازبوونی چێژە سێکسییەکانی نێوانیشیان، بەڵام هەر یەکتریان خۆشدەوێت. بەڵام ئەمە کاتێك دروست دەبێت کە هاوسەرگیرییەکە خۆی دروست بێت و هیچ زۆرەملێ و بەخورتی کردنێکی تێدا نەبێت، بەڵام کاتێك سەیری پەیوەندی هاوسەرداری نێوان دەروێش و مریەم دەکەین، چونکە لەسەر بنەمایەکی ئەرێنی بنیات نەنرابوو، ئەوا هەر زوو مریەم دەروێشی بە جێهێشت و تا ساتی کوژرانی دەروێش نەگەڕایەوە بۆ لای، کە ئەگەر پاڵپشتییەکی مرۆیی هەبایە، ئەوا مریەم هەر زوو تەڵاقی خۆی لە دەروێش دەسەند، ئەم حاڵەتە لە گفتوگۆی سابیری حەماڵی باوکی مریەم و وەستا زۆرابی چاپچییەوە پشتڕاستکراوەتەوە -)) دوایی کچە بە لایەوە دانەنیشت. زۆرم هەوڵ لە گەڵیداداو سوودی نەبوو. هەر هەڵدەهات و دەمناردەوە. تا لە هەشت نۆ مانگێك لەمەوبەرەوە، بۆ دواجار هەڵات و کەس نەیزانی کوێ چوو).(.شار، ل155-156)

### 3.5 توندوتیژی دژی ئافرەتان:

توندوتیژی بە فۆڕمە گشتییەکەی و وەکو حاڵەتێکی ناسروشتی لە پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان، بریتییە (لە هێرش کردنە سەر کەسێك بە بریندارکردن، لێدان، مامەڵەی توند، یان پێدانی مادەیەکی زیانبەخش).(دزەیی، 2007، ص24) هەموو ئەمانە بێڕێزیکردنە بەرامبەر بەوی تر، لە کاتێکدا هەنگاوی لەم شێوەیە یەکناگرێتەوە لەگەڵ چەمکەکانی وەکو بەیەکەوە ژیان ولێبوردەیی و خۆشەویستی و ڕێزگرتن...هتد، جا دەکرێ ئەم توندوتیژییە، بەرامبەر کەس، گروپ، یان کۆمەڵێکی ئەتنیکی دیاریکراو بێت. هەرچی سەبارەت بە توندوتیژی ئافرەتانیشە بریتییە ((ڕەفتار، یان ئەو کردارەی کە ئاڕاستەی ئافرەت دەکرێت، جا ژن بێت یان دایك، یاخود خوشك، کە بە پلەی جیاکاری، چەوساندنەوە، نەهامەتی و دوژمنکارانە جیادەکرێتەوە، کە لە پەیوەندییەکی نا بەرامبەری لە نێوان ژن و پیاودا هەیە لە خێزان و کۆمەڵگادا)).(عبدالوهاب، 2000، ص20)جا دەکرێ مەیدان و ژینگەی توندوتیژییەکە ناو خودی خێزان(ژینگەی داخراو) بێت، یانیش ناو کۆمەڵگا (ژینگەی کراوە). توندوتیژی دژی ئافرەتان بەدەست ڕەگەزی نێر و سیستەمی نێرسالارییەوە، لە چەندین جۆردا خۆیان فۆڕمەڵە دەکەن، کە ئەمانەن: (توندوتیژی سێکسی، توندوتیژی جەستەیی، توندوتیژی دەرونی، توندوتیژی ئابوری...هتد)، کە دەکرێ نموونەی چەند جۆرێك لەم توندوتیژییانە لە خودی ڕۆمانی شاردا بدۆزینەوە.

### 3.5.1 توندوتیژی سێکسی:

توندوتیژی سێکسی جۆرێکی توندوتیژییە، ((هەر کردارێك دەگرێتەوە کە سروشتێکی سێکسییانەی هەبێت و بەرامبەر بە کەسێك بکرێت، لە دۆخێکی نەخوازراودا)).(غاجیولي، 2014، ص503) مەبەست لە کرداری سێکسی مەرج نییە تەنیا مەبەست لێی بەرکەوتنی سێکسییانەی بکەرێك و قوربانییەك بێ و بەس، بەڵکو هەموو ئەو گوزارشتە زمانییانەش دەگرێتەوە، کە ئاڕاستەی ڕەگەزی بەرامبەر دەکرێت، لە کاتێکدا کەسی بەرامبەر پێی ڕازی نییە. لە توندوتیژی سێکسی دەکرێ قوربانییەکە ئافرەتێکی هاوسەردار بێت و لەلایەن هاوسەرەکەیەوە توندوتیژی بەرامبەر بکرێت، لە کاتێکدا ئەو ئامادەیی تێدا نەبێ و ناڕازیی بێ .

ئەگەر سەرنج بدەین لە سەرتاپای ئەم ڕۆمانە وێنەیەك نادۆزینەوە، کە پیاوان ببنە قوربانی دەسەڵاتێکی مێسالار، بەڵام دۆزینەوەی ئازاردان و ستەملێکردنی ئافرەتان  بەدەست دەسەڵاتی نێرسالارییەوە بە چەندەها جۆر و شێواز خۆیان دەنوێنن، ئەمەش دەکرێ وا خوێندنەوەی بۆ بکرێت کە پەیوەستدارە بە چۆنیەتی وێناکردنی مەبەستدارانەی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لەلایەن ڕۆماننوس خۆیەوە. لە زۆر شوێنی ئەم ڕۆمانەدا ڕۆماننوس هەوڵیداوە (نێر) وەکو بکەرێکی توندوتیژ و ستەمکار و بێبەزەیی و هەروەها سادی وێنا بکات، لە کاتێکدا (مێ) ئەو بەرکارەیە، کە زۆرجار بۆتە قوربانی ئەو دەسەڵاتە بەرفراوانەی ڕەگەزی نێر، کە داب و نەریتی کۆمەڵگا پێی بەخشیوە .

لە دیارترین قوربانی مێینە بەدەست نێرەوە لە بابەتی توندوتیژی سێکسی لەم ڕۆمانە دیسان مریەمی کچی سابیری حەماڵە، مریەم لەگەڵ ئەوەی بێ خواستی خۆی لە دەروێش ناوێکەوە مارەکراوە، هەرگیز نەیدەتوانی لەگەڵ بەناو هاوسەرەکەی هەڵبکات، لە بەرامبەریشدا یەکەم و دوا مەبەستی دەروێش تێرکردنی حەزە سێکسییەکانی بوو، بێ گوێدانە ئەوەی کە مریەم لە ڕووی سۆزداری و دەرونی و فسیۆلۆژییەوە ئامادەیی هەیە بۆ ئەم پرۆسەیە یان نا، بۆیە هەمیشە لەلایەن دەروێشەوە ڕوبەڕووی توندوتیژی سێکسی دەبوویەوە. یەکەم ئەزموونی سەرجێیی مریەم لەگەڵ دەروێش داماڵدراو بوو لە هەست و سۆز، بە پێچەوانەوە ئەزموونێکی تاڵ و لەبیرنەکراوبوو، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو توندوتیژییە جەستەییە سێکسییانەی دەرویش بوو بەرامبەر بە ئەم، ئەمەش لە ڕێگەی گێڕەرەوەی هەمووشتزانەوە گێڕدراوەتەوە ((قسەکەی تەواو نەکردو زریکەیەکی پڕ بە قوڕگ و دەمی، لە ژوورەکەی ئەوانەوە کەوتە بەر گوێ. زریکە بوو بە دوو، بوو بە سێ و قرتێنرا. ئەم لەلای خۆیەوە ڕاچەنی و وتی: وەك جاران .. قەوماندی !. هەر زووش بیر و هۆشی، چوو بۆ دانیشتوانی ناو کۆڵانەکەو وتی دیارە.. خۆ ئەو ئاسمان بەسەر ئەرزدا بڕوخێ، خۆی تێ ناگەیەنێ! هەر دەبێ من بەرەو ڕوویان بمەوە. خوایە چی بڵێم؟! ئۆف چۆن تووش بووم!)).(شار، ل70) لەم چەند دێڕەدا دەردەکەوێت کە دەروێش لەم جۆرە کردارەدا مێژووی هەیە و هەم خوشکەکەی، هەمیش تێکڕای دراوسێکانی بێزی لێدەکەنەوە، بەهۆی هەڵسوکەوت و ڕەوشتییەوە، چونکە ((مرۆڤی ڕەوشت ڕێك، ئەو کەسەیە، کە ڕەوشت و جموجۆڵ و کردەوەکانی لەگەڵ نەریت و یاسا و ئامانج و خوڕەوشتە باشەکان و بە کەڵکەکانی کۆمەڵگاکەیدا دەگونجێت)).(ژاڵەیی، 2005، ل37)بەڵام هیچ یەکێك لەم تایبەتمەندییانە لە کەسایەتی دەروێشدا بەدی ناکرێت. ڕۆماننوس کەسایەتییەکی سادییانەی بە کارەکتەری دەروێش بەخشیوە، کە هەموو بوونی مریەم تەنیا لە حەزەکانی خۆیدا کۆ دەکاتەوە، واتە ئەوەندە مریەم وەکو ئامێری تێرکردنی حەزە شەهوانییەکانی سەیر دەکات، ئەوەندە وەکو مرۆڤێکی ئاسایی خاوەن هەست و سۆز سەیر ناکات، دەتوانین لە واقیعی ڕاستەقینەدا چەندەها نموونەی کارەکتەری لەم جۆرە بدۆزینەوە .

ڕۆماننوس لە زاری گێڕەرەوەی هەمووشتزانەوە وێنای یەکەم سات و دیمەنی دوای یەکەم سەرجێیی دەروێشمان بۆ دەکات، کە چ کارەساتێکی خوڵقاندووە و مریەمیش تا چ ڕادەیەك بۆتە قوربانی، کاتێك خورشە دەچێتە ژوورەوە بەڵام چی دەبینێ ((بە دڵنیاییەوە هەڵسا چوو. کە هەنگاوی نایە ناو ژوورەکەوەو هەڵیڕوانی، دڵنیایی یەکەی لێ بۆوە، واق وڕمانێکی پڕ لە ترس و سام!. کاتێ باشتر چاوی گێڕاو وردبووەوە، دیمەنێکی

10.24086/cuejhss.v7n2y2023.pp60-72

وەهای کەوتە بەرچاو کە هێندەی تر حەپەساندی... سەرو ڕووخساری مریەمی لە ژێر پۆپەشمینێکەوە کەتە بەرچاو کە بێ ورتە و حووڵە ڕاکشابوو! . بەپەلە خۆی گەیاندێ و پۆپەشمینەکەی لەسەر لادا. بەڵام چی بینی ؟! جەستەیەکی لە ناو قەدەوە بۆ بەرەو خوار خەڵتانی خوێن و وەك مردوو بێ جووڵە! . لەو ساتەدا گومانی نەبوو کە کاکی گیانی لەبەر بڕیوە. لە پاڵیدا دانیشت و سەرنجی لێ گیرکرد. هێشتا هەر لەو باوەڕە بوو کە مردوە.بە خوێنە زۆرەکەیدا، وای بۆ چوو کە دەلاقەیەکی کردبێتە لەشی. سەری بە شوێن چۆڕاوگەی خوێنەکەدا شۆڕکردەوە هەردوو رانی لە یەکتری دوورخستەوەو ورد تێ یڕوانی. قەتماغەی خوێنێکی نەرم و لینج، نەیدەهێشت باش ببینێ. هەر بە دامێنی کراسەکەی مریەم خۆی، شوێنەکەی پاك کردەوە. کە باش سەرنجێکی دایە، ئاهێکی پێداهاتەوە . روانی یە رووخساری. هەستی کرد کە ئەگەرچی ڕەنگی مردووی لێ نیشتووە، بەڵام هێشتا گەشی ی ژیانی تێدایە)).(شار، ل 73-74) مریەم تا هاتنی بۆ لای دەرویێش چ ئەوکاتەی لای دایکی بوو، چ ئەوکاتەش لای میمکە حەلیم بوو، هیچ کەس لە گوڵ کاڵتری پێ نەوتبوو، بۆیە ئەم دیمەنە کەمەرشکێنانە ژیانی تەواو ئاوەژوو کردبوویەوە. لەلایەکی ترەوە قۆڵبەستکردنی مریەم لەلایەن دەرویێشەوە، نەك هەر توندوتیژییەکی سێکسییە، بەڵکو سێکسی و جەستەییە لە هەمان کاتدا، بوونی ئەم جۆرە پەیوەندییە ناتەندروستانە لە کۆمەڵگای ئێمەدا زۆرە، کە لەبری پەیوەندی ڕۆحی و سۆزداری و بوونی لێکتێگەیشتن، ڕق و کینە و توندوتیژی و بەکارهێنانی شێوازەکانی سەرکوتکردن و ئازاردان شوێنیان گرتوونەتەوە، ئەمەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی پێکهێنانی خێزان و هاوسەرگیری لە سەرەتادا. دواجار ئەم دیمەنە مریەمی توشی فۆبیا کردبوو لە ئاست دەرویێشەوە ((ئەم هەر ترسەکەی لە دڵداماو بەرۆکی بیر و هۆشی هەر بەرنەدا)).(شار، ل76)

دەستدرێژیکردنی سێکسی جۆرێکی تری توندوتیژی سێکسییە، کە (لاقەکردن)یشی پێ دەگوترێت، ئەویش بریتییە لە ((دەستدرێژیکردنێکی سێکسییانە بۆ سەر ئافرەتێکی پێگەیشتوو، بەبێ ڕەزامەندی خۆی)).(دزەیی، 2007، ص70)، ئەم جۆرەش لە توندوتیژی لەلایەن یاساوە ڕەتکراوەیە و سزا بەسەر بکەرەکەیدا بەدوادادێت، چونکە ئەگەر لەڕووی یاساییەوە لەمپەر لە بەردەم ئەم جۆرە کردارە و هاوشێوەکانیدا دانەنرێت، ئەوا کۆمەڵگا بەرەو جەنگەڵ و جۆرێك لە هەڵدێران دچێت، ئەگەرچی سزاکان بەپێی سروشتی یاساکانی هەر وڵاتێکیش دەگۆڕێت. خەجێ یەکێك لەو ئافرەتانەیە کە لەو ڕۆمانەدا توشی دەستدرێژی سێکسی بۆتەوە، لەلایەن مەجی کوڕی پوریەوە، کاتێك لە زاری خۆیەوە بۆ ئەختەری باس دەکات و بە فلاشباك بۆ ڕوداوەکە دەگەڕێتەوە ((بەڵام قسەی خۆمان بێ هەر ئەوەندە نەبوو، بەڵکوو پەلاماری دام و شاڵاوی هێنایە سەرم! . هەستم کرد نیازی زۆر خراپە و زانیم چی دەوێ. بۆیە منیش، ئەگەرچی زارەترەك بووبووم، بەڵام ئەوە وای لێ کردم کە هەرچی تین و توانا لە جەستەمدایە، لێ ی بخەمەکار، ئیتر پاڵێکی وەهام پێوە نا، کە لەولاوە لنگەوتلوور دام بە زەویدا. بە دوایدا فرسەتم هێناو ڕام کرد، هەتا ماڵی خۆمان نەوەستامەوە)).(شار، ل195) بوونی ئەم هەموو جۆرەی قوربانی ئافرەت، گەواهیدەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەوسای کۆمەلگای کوردی بەگشتی و شاری سلێمانی بەدیاریکراوی ژینگەیەکی لەبارنەبووە بۆ ئافرەتان، تاوەکو مومارەسەی ماف و ئازادییەکانیان بکەن، بەهۆی ئەوەی پیاو هەمیشە ئافرەتی بە نزمتر لە خۆی بینیوە، بۆیە لە هەر شوێنێك تاوانێك بوونی هەبووبێ و قوربانی تاوانەکە ئافرەت بووبێ، دەشێ بکەرێکی نێریش ئامادەیی هەبووبێت. ئەگەرچی لە ئێستادا خۆشبەختانە ئەم حاڵەتانە کەم بۆتەوە، بە هۆکار گەلێکی وەکو هۆشیاربوونەوەی پیاوان و ئافرەتان، هەروەها خەباتی ئافرەتان خۆیان و ڕۆڵی یاسا و دامەزراوە حکومییەکان، لەلایەکی ترەوە کاڵبوونەوەی ئەو بیرە دۆگمایانەی کە پیاوی وەك کارەکتەری بەهێز و ئافرەتیشی وەکو بوویەکی لاواز، یان ئامێرێکی بی گیان سەیر دەکرد، ناکرێ ڕۆڵی مامۆستایانی ئاینیش نادیدە بگیرێت لە هۆشیارکردنەوەی تاکەکان، لەبارەی یەکانگیرنەبوونی ئەم جۆرە ڕەفتارانە لەگەڵ پیگەی بەرزی ئافرەت لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا.

### 3.5.2 توندوتیژی جەستەیی:

توندوتیژی جەستەیی وەکو هەڵسوکەوتێکی ناتەندروست و نەرێنییانەی نێر ((بە یەکێك لە بڵاوترین جۆرەکانی تووندوتێژی دژی ئافرەت دادەنرێ کە زیاتر لەنێو خێزاندا بەکاردێت. ئەم جۆرە بە تووندوتیژی ماڵ و خێزانیش ناودەبرێت، چونکە ئافرەتان لەلایەن خێزانەوە(باوك، مێرد، برا و کوڕ...) ڕووبەڕووی تووندوتیژی دەبنەوە)).(قادر، 2006، ل45) بە شێوازە جۆراوجۆرەکانی وەکو (لێدان، سوتان، ئازاردان بە چەقۆ و ئامێری تیژ، شت تێگرتن، قژ ڕاکێشان، دەست پاچاندنەوە، خەتەنەکردنی ئافرەتان...دەکرێ دواجار خۆی لە کوشتنی ئافرەتیش ببینێتەوە).

مریەم دوای ئەو مەرگەساتەی کە بە هۆی دەرویێشەوە بەسەری هات ئیتر ڕایکرد بۆ لای باوکی، ئەو باوکەی کە هەم فرۆشتی و هەمیش پاڵپشتی لێنەدەکرد، تەنانەت دوای ئەوەی دەرویش دەزانێ مریەم لای باوکیەتی، دێت لای ئەو هەڕەشەی لێدان و تەنانەت کوشتیشی بە چەقۆ لێدەکات((ئینجا ئەو دەستی برد بۆ باخەڵی سەڵتەکەی. چەقۆیەکی هەورامی ی لێ دەرهێنا. لەسەرخۆ کردی یەوە. دوو سێ جار بەم دیوو بەو دیویدا، لە لەپی دەستی خۆی خشاند و وتی:

پێشم دەکەویت ، یا بەم چەقۆیە گۆشاو گۆش سەرت ببڕم؟1 .)).(شار، ل98)ئەم هەنگاوەی دەرویش جۆرێکە لە توندوتیژی جەستەیی، چونکە هەڕەشەکردن بە چەقۆ لە ئافرەتێك بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ بەیەکەوە ژیانی دوو هاوسەر یەکناگرێتەوە، بەڵام گەواهی ئەوە دەدات، کە ناتوانن لەگەڵ یەك هەڵبکەن و ڕاکردنی مریەمیش بەدەست ئەو جۆرە لە مامەڵە کردن، هەمیشە بەردەوامی هەبوو. ئەوەی لێرە شایەنی هەڵوەستە لەسەر کردنە، هەڵوێست وەرنەگرتنی ڕۆماننوسە لە ئاست ئەم ستەم و نادادییانەوە، چونکە زۆربەی کات بەشێوەی ڕیالیزمی فۆتۆگرافی، یان شیکاری تەنیا ئاماژەی بە حاڵەتەکان کردووە، نەهاتووە بەشێوەی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە لە پەنا کارەکتەرێکەوە ڕەخنە لەو دیاردانە بگرێت، یانیش بەشێوەی ڕیالیزمی سۆشیالیستی هەوڵی گۆڕینی واقیعەکە بدات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێ سیاقدا نموونەی ئافرەتی ڕچە شکێن و یاخیبوونی ئافرەتان لە ئاست نادادییەکانی سیستەمی نێرسالاری دەبینرێت، کە هەمیشە نێری دەکردە ناوندی بڕیاردان و ئافرەتیشی دەکردە پاشکۆی بڕیارەکانی ئەو. ((قسەی (کاك) ی هەم نۆبەرەو هەم نێرینەیان ، بەسەر قسەی ئەمدا زاڵ دەکرد!)).(شار، ل325) نێرسالاری لەناو ژیانی هەموو خێزانێکدا شوێنپێی بەجێهێشتبوو، ئەمە لە خێزانی مەجی و ئەختەریشدا ڕەنگی دابۆوە، کە چۆن هەمیشە دوا بڕیاریان بۆ بۆ مەجی بەجێ دەهێشت، بەڵام ئەختەر دوای یاخیبوونی لە بڕیارەکانی مەجی برای، توانی ئەو نۆڕمە لارە ڕاست بکاتەوە و دەنگ هەڵبڕێت، لەوەی کە چیتر مەجی کاکی ناتوانێ نەخشە ڕێگای ئەم دیاری بکات، بەڵکو خۆی دەتوانێ لە کاتی پێویست بڕیاری

10.24086/cuejhss.v7n2y2023.pp60-72

دروست بدات. ئەویش دوای ئەوەی ڕووبەڕووی توندوتیژی جەستەیی بوویەوە لەلایەن مەجی برایەوە ((ئەختەر ڕقێکی هێندە ئەستووری کەوتبووە دڵ، کە بۆ ڕزگارکردنی سەر و قژی خۆی لە چنگی، دەربەست نەبوو تەنانەت ئەگەر پێستی سەریشی پێوەی هەڵکەندرێ. بۆیە بە هەموو هێزی یەوە، سەری خۆی ڕاپسکاند و لە چنگی دەرهێنا. دووسێ هەنگاو لێ ی دوورکەوتەوەو ڕووبەڕووی ڕاوەستا. بەویەڕی ڕق و کینەو تووڕەیی یەوە وتی:

مەجی.. باش تێگەیشتیت وتم چی و پێویست بە وتنەوەی ناکا. بەڵام با قسەیەکی تریشی بخەمە سەر. من مەڕوماڵاتێك نیم تۆ خاوەنم بیت و بە ئارەزووی خۆت هەڵمسووڕێنیت. ئاگاداربە.. لەم ساتە بەدواوە، من منم و تۆ تۆیت.. تێگەیشتیت؟! .

مەجی جارێکی تر ، بووەوە بە بت و ورتەو حووڵە کەوت. ئەمجارە وەك بڵێ ی مێشکی سڕ بووبێ، نەیتوانی لە جێ ی خۆی بجوڵێ و ورتەشی لە دەم بۆ نەهاتە دەرەوە.)).(شار، ل277) ئەبڵەق بوونی مەجی نیشانەی ئەوەیە کە تا ئەو کاتە ئافرەت نەیتوانیبوو هەموو هێزی خۆی کۆبکاتەوە و دژی بڕیارەکانی نێر بوەستێتەوە، ئەو هەنگاوەی ئەختەر زۆر شتی گۆڕی، جۆرێك بوو لە شۆڕش، شۆڕش دژەی دەسەڵاتە ڕەهاکەی نێر.

### 3.6 بێبەشكردنی ئافرەت لە مافەكانیان:

بەپێی یاسا بەرکارەکانی کوردستان پیاوان و ئافرەتان لە زۆربەی مافەکاندا یەکسانن، بۆیە ئافرەتانیش دەتوانن بەبێ هیچ سانسۆرێك مومارەسەی ئەو مافانە بکەن، بەڵام کاتێك عەقڵیەتی نێرسالاری بەسەر کۆمەڵگا زاڵ دەبێت، ئەوا ئافرەتان لە زۆرێك لەو مافانە بێبەش دەکرێن. یەکێك لەو مافانەش چونە قوتابخانەی کچان و خوێندنیانە لە فێرگە و قوتابخانە جۆراوجۆرەکان، کە ئەمە بە یاسا ڕێکخراوە، ئەگەرچی لەم ڕۆمانە زۆرێك لە ئافرەتەکان وەکو نموونەی کەسایەتی ڕۆشنبیر و خوێندەوار وێناکراون، لەوانە مامۆستا گەلاوێژ، هەروەها زۆرێك لە کارەکتەرە ئافرەتەکانی تریش فێرخواز بوون و لە قوتابخانە درێژەیان بە خوێندن داوە، لەوانە ئاسکۆڵ، بەڵام کارەکتەری ئافرەتیش بەدیدەکرێت، کە لەلایەن بەخێوکەرانیانەوە ڕێگری چوونە قوتابخانە و هەڕەشەی دورخستنەویان لێکراوە. ڕاستە ژینگەی حیکایەتی ڕۆمانەکە شاری سلێمانییە، بەڵام بیرکردنەوەی بەشێك لە کارەکتەرکان، هێشتا کاریگەری ژینگەی لادێییان بەسەرەوە ماوە، چونکە لە لادێدا نەك هەر ڕێگا بە ناردنە قوتابخانەی کچان نەدراوە، بەڵکو لەلایەن ئاغای بەشێك لە گوندەکان، ڕێگا بە کردنەوەی قوتابخانەش نەدراوە، چونکە ئەوان لە پێگەیاندن و پێگەیشتنی تاکی هۆشیار دەترسان، گومان لەوەدانییە کە مرۆڤی هۆشیار چاکتر دەتوانێ ڕەش و سپی و کاری ڕاست و هەڵە لە یەکتر جیابکاتەوە، بەمەش هەژموونی ئاغاکان دەکەوتە بەر مەترسییەوە. ئەم هەنگاوەی ئاغاکان لە نەستی بەشێك لە خەڵکی مابوویەوە، دواتر کە هاتنە شاریش بیرکردنەوەیان نەگۆڕا، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە بەشێك لە کارەکتەرەکان پەرەنەسێنن و بیرکردنەوەیان ناگۆڕێ، یان بە ئاستەم گۆڕانکاری بەسەرردادێت. لەم ڕۆمانەدا نموونەی یەك دوو کارەکتەری کچ دەبینرێت، کە لەلایەن بەخێوکەرانیانەوە بەبیانووی جۆراوجۆر و زاڵبوونی عەقڵیەتی کۆنەپەرستی ڕێگا نەدراوە بچنە بەر خوێندن، ئەوانیش مریەم و کچی حەمە عەلی بوون، کە هەردوو خێزان لە مەملەکەتەکەی میمکە حەلیم دا دەژیان، لە کاتێکدا چوونە قوتابخانە بۆ کوڕەکان زۆر ئاسایی بوو، ئەوەی مایەی هەڵوەستە لەسەرکردنە ئەوەیە، کە نەك هەر تەنیا پیاوەکان، بەڵکو بەشێك لە ئافرەتەکانیش لەبارەی کچەکانیانەوە هەڵگری هەمان بیری تەسك بوون ((ـ ئەوانەی لە خانووەکەی میمکەدا لە گەڵتاندابوون، منداڵیان هەبوو لە قوتابخانە؟

بەڵێ.. ئەحە و مەحمودی كاك حەمە عەلی لە قوتابخانە بوون.

ئەی تۆ داوات لە میمکە نەکرد بتنێرێتە قوتابخانە؟.

نەء

بۆچی؟.. خۆت حەزت نەدەکرد؟.

با.. خۆم حەزم دەکرد. بەڵام كاك حەمە عەلی کچێکی هەبوو لە تەمەنی مندابوو، کەچی نەیناردبووە قوتابخانە. هەموو جارێکیش لێم دەبیستن کە چوونە قوتابخانە بۆ کچ نابێ.

میمکەش دەیووت؟.

بەڵێ)).(شار، ل49) ئەمە گفتوگۆی مریەمە لەگەڵ مامۆستا گەلاوێژ، لە بارەی چوونە قۆتابخانەی کچانەوە، لە مەملەکەتەکەی میمکە حەلیم و هەڵوێستی بەخێوکەران و سەرپەرشتیارانی کچەکان خۆیانەوە، ڕۆمانووس ئەم دیمەنەی بەشێوەی ڕیالیزمی شیکاری خستۆتەڕوو، دواتر هاتووە بە پێی ڕیالیزمی سۆشیالیستی هەوڵی گۆڕینی ئەم بیرە کۆنەپەرستییەی داوەو لە ڕێگەی کارەکتەری مامۆستا گەلاوێژەوە، هانی خوێندن و سەرپەرشتیکردنی فێرکردنی مریەم دراوە. بەمەش گۆڕانکاری ڕیشەیی بەسەر کەسایەتی مریەم دا دێت و دەبێتە تەتەر(نامەبەر)ی حیزبێکی چەپ، کە ئەمەش لە کۆتایی بەرگی یەکەمی ڕۆمانی شار دا خراوەتەڕوو .

کەواتە هەروەك چۆن فۆڕمەکانی چەوساندنەوەی ئافرەتان لە واقیعی کۆمەڵگای کوردی جۆراوجۆرن و لە ژمارە نایەن، بە هەمان شێوەش ئەو حاڵەتانە لە ناو ڕۆمانی شاردا ڕەنگیاندراوەتەوە، ئەمەش گەواهی ئەوە دەدات کە حوسێن عارف خۆی بە بەرپرسیار زانیوە لە ئاست ئافرەتان و دەنگی مێینەی کورد، بە شێوەیەك هەوڵیداوە وێنای هەموو ئەو ستەم و نادادییانە بکات، کە بەرامبەر بە ئافرەتی کورد کراوە، کە ئەمەش هەنگاوێکی ئەرێنییە بۆ کرانەوەی کۆمەڵگا و چارەسەرکردنی کێشەکان، چونکە دانانی ڕەگەزی نێرە بۆ هەموو ئەو تاوانانەی، کە بەرامبەر دایك و خوشك و کچانی خۆیان کردوویانە.

## ئەنجامەكان

1. لە ڕۆمانی شاردا سەرەڕای زۆری ڕێژەی چەوساندنەوەی ئافرەت بەدەست نێر و سیستەمی نێرسالارییەوە، بەڵام نموونەی کارەکتەریی ئافرەتی واش بەرچاو دەکەون، کە لە ڕووی کەسایەتییەوە هەژموونیان بەسەر پیاوەوە هەیە، لەوانە میمکە حەلیم بە دنیا دیدەییەکەی و مامۆستا گەلاوێژ بە ڕۆشنبیری و هۆشیارییەکەی.
2. شێوازەکانی سەرکوتکردن و چەوساندنەوەی ئافرەت لە ڕۆمانی شاردا جۆراوجۆرن، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە نێر لەم ڕۆمانەدا سڵی لە هیچ ڕێگا و شێوازێك نەکردۆتەوە لە ئازاردانی ئافرەتدا.
3. کارەکتەری مریەم لەم ڕۆمانەدا زۆرترین تاوانی بەرامبەر ئەنجامدراوە، لەوانە بە زۆر بە شودان و بە کاڵاکردن و توندوتیژی سێکسی و جەستەیی، تا ناچاربوو خۆی لەو دەسەڵاتە ڕاپچڵەکێنێت و لە دەست دەروێشی

هاوسەری ڕاپکات.

4. حوسێن عارف لەم ڕۆمانەدا زۆربەی ئاریشە کۆمەڵایەتییەکانی بە شێوەی ڕیالیزمی شیکاری خستۆتەڕوو، کەمتر هەوڵیداوە بەشێوەی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە ڕەخنە لە چەوتییەکانی کۆمەڵگا و دەسەڵاتی نێرسالاری بگرێت، یان ئەڵتەرناتیڤێك بۆ ئەو واقیعە بدۆزێتەوە، بە دەگمەن نەبێ

## سەرچاوەکان


القرآن الكريم

هکر، پ.د. محەمەد (2020)، چاوپێکەوتن، کۆلێژی پەروەردە، بەشی زمانی کوردی.

بۆتانی، کاکە مەم (2008)، ئیلتیزام لە ئەدەبی کوردیدا، گۆڤاری ئایندە، ژمارە 42.

البصیر، کامل حەسەن عزیز (1983)، ڕەخنەسازی مێژوو پەیرەوکردن، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق: بەغدا.

حەبیب، بەدران ئەحمەد (2002)، فەرهەنگی زاراوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە: هەولێر.

حەمەد، کانیاو ڕەحمان (2015)، ڕوداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆمانەکانی (کەریم کاکە)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی پەروەردە.

حەویز، سروشت جەوهەر (2014)، پابەندبوون لە شیعری کوردیدا لە باشوری کوردستان 1950 – 1975، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی .

ژاڵەیی، جلال خلف (2005)، گرنگترین نەخۆشیە دەروونیەکان، چاپی دووەم، چاپخانەی گەنج: سلێمانی.

ژاڵەیی، مەلا ئیدریس(2008)، کوستنی ژنان بە بیانووی شەرەف و ئابڕوو لە نێوان نەریتی کۆمەڵایەتی و شەریعەتی ئیسلامیدا، چاپی یەکەم، چاپخانە ؟: کوردستان.

سابیر، پەرێز (2006)، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس: هەولێر.

سەپان، د. مەغدید (2017)، دەربارەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ڕوسیا، http://www.kurdistan24.com

شەیدا، محەمەد کەریم (2000)، نەخۆشییە دەروونییەکان و دەروون لەشییەکان (سایکۆسۆماتی)یەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری: سلێمانی.

الصباغ، رمضان (2008)،پابەندبوون لە ئەدەب و هونەردا لە نێوان سارتەر و مارکسیزمدا، وەرگێڕان: ئاری عوسمان خەیات، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد: سلێمانی .

عارف، حسین (1986)، شار، ڕۆمان، چاپی یەکەم، مطابع شركة الأديب البغدادية: بەغدا.

عارف، حوسین (2007)، چاوپێکەوتن، سازدانی: سەرکەوت عومەر ئیبراهیم: سلێمانی

عزیز، د. حەمید (2009)، بنەڕەتەکانی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی: دهۆك

قادر، ئەسرین زرار (2006)، ڕۆڵی سەنتەری ئافرەتان لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانیان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب.

قەرەداغی، ئەکرەم (2006)، پابەندبوون لە ئەدەبدا، گۆڤاری ئایندە، ژمارە 69.

قەرەداغی، عەتا (2003)، گەڕانەوە لە خەیاڵەوە بۆ واقیع، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم: سلێمانی.

کریستۆن، ئەندریە (2005)، سوکرات... ژیانێك یەکسان بە فەلسەفە، وەرگێڕانی: ئەمین بۆتانی، گۆڤاری ئایدیا، ژمارە 5-6.

گەردی، پ.د. سەردار(2017)، ڕەخنەی ئەدەبی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی: هەولێر.

لیژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاری کورد (2006)، زاراوەی ئەدەبی کوردی – عەرەبی – ئینگلیزی، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە: هەولێر.

محەمەد، میران جەلال (2014)، گوتار لە ڕۆمانی کوردیدا (1975 - 2000) باشوری کوردستان، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان .

میراودەلی، د. کەمال (2021)، ئەدەبناسی(ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی حەفتاکان)، چاپی یەکەم، چاپخانەی مێخەك: تاران.

نورەدین، بوار (2007)، ڕەدووکەوتن لە کەلتووری کوردیدا، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس: هەولێر.

ئەرەستۆ (2011)، هونەری شیعر(شیعرناسی)، وەرگێڕانی: عەزیز گەردی، چاپی دووەم، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما: سلێمانی .

ئەفلاتوون(2009)، کۆمار، وەرگێڕانی: محەمەد کەمال(د.)، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم: سلێمانی.

ئیگڵتۆن، تێری (2008)، مارکسیزم و ڕەخنەی ئەدەبی، وەرگێڕانی: عەبدولخالق یەعقوبی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس: هەولێر.

أبي داود سليمان بن الأشعث السجستاني(1996)، سنن أبي داود، تحقيق محمد عبدالعزيز الخالدي، الجزء الأول، دار الكتب العلمية: بيروت – لبنان.

أبو حاقة، د. أحمد (1979)، الإلتزام فى الشعر العربى، الكبعه الأولى، دار العلم للملايين: بيروت .

البابلي، فؤاد عمر علي (2004), الالتزام في الشعر محمد التهامي دراسة تحليلية، رسالة الماجستير، الجامعة الاسلامية: غزة.

بو حرة، غنية (2012)، المثقف و الصراع الأيدلوجي في الرواية الأزمة الجزائرية متاهات ليل الفتنة لـ احميدة عياشي "نموذجا"، رسالة الماجستير, جامعة الحاج لخضر – باتنة - الجزائر .

دزەیی، د. شهبال معروف (2007)، العنف ضد المرأة بين النظرية و التطبيق، الطبعة الأولى، دار ئاراس للطباعة و النشر: اربيل.

دزەیی، د. شهبال معروف (2007)، العنف ضد المرأة دراسة قانونية مقارنة في القانون العالم و القانون العام الداخلي، دار ئاراس للطباعة و النشر: اربيل.

ريشار، اندريه (1989)، النقد الجمالي، ترجمة: هنري زغيب, الطبعة الثانية، منشورات عويدات: باريس.

سعدالدين، نرمين (2009)، الماركسية الإشتراكية النشوء و التطور، المقتطف المصري.

عبدالوهاب، د. ليلى (2000)، العنف الأسرى، بدون الطبعة, دار المدى للثقافة و النشر: سوريا – دمشق.

غاجيولي، غلوريا (2014)، العنف الجنسي في النزاعات المسلحة: انتهاك للقانون الدولي


10.24086/cuejhss.v7n2y2023.pp60-72

الإنساني و قانون حقوق الإنسان، المجلة الدولية للصليب الأحمر، عدد 96
طبانه، د. بدوي (1984)، قضايا النقد الأدبي، الطبعة الأولى، دار المريخ للنشر: الرياض.
عزاوي، مختار ولد (2014), مفهوم الالتزام عند عماد الدين خليل في كتابه محاولات جديدة في النقد الاسلامي، رسالة الماجستير، جامعة قاصدى مرباح ورقلة : الجزائر.
الهدى، حلاب نوري (2015)، المنهج الإجتماعي في النقد – نشأته و خصائصه – مجلة جامعة العقيد أكلي محند أولحاج: الجزائر، العدد 38.